به ناوی کوردستانی گەورە :                soransa@hotmail.com

تاران:2003.1.20 ی زاینی =2702.10.30 ی کوردی

## دوی ڕێبەندان !

**(وەرن با مێژووەکانمان بنووسین ، ڕەنگە هەر ئەم چەند رستەیەکە لێرەدا دەیخوێنیتەوە – چون برێک لە مێژوی گەلی کوردە –لە داهاتودا ببێتە بەڵگەیەکی سەرنجڕاکێش !).**

ڕۆژی دوی ڕێبەندانی ساڵی 2646ک (22/01/1946)  ،لە مێژوی کورددا ، ڕۆژێکی پیرۆز و تایبەتیە ،چون ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستانە و هەر لەبەر ئەمە ، تەواوی کورد ڕێزی بۆ دادەنێن . جا، ئێستاکە لە زستان و دوی ڕێبەندان نزیک دەبینەوە ، بۆ بیرەوەری ئەو کارەساتە مەزنە، بە کورتی گۆشەیەک لەو جەژنەتان لە بیرەوەری خۆم بۆدەگێڕمەوە – کە پێموایە تا ئێستا نەنووسراوە :

هۆزی فەیزوڵلابەگی ( بەگزادە ) ، کە لە ناوچەی بۆکان و سەقز دادەنیشن ،یەکجار زۆر هۆگری کۆماری کوردستان بون . دەلیلێکی ئەم هۆگریە ئەمە بو ، کە شەهیدان پێشەوا قازی محەممەد ، سەدرری قازی و سەیفی قازی ، هەرسێکیان لە دایکەوە ، لە بنەماڵەی فەیزوڵلا بەگی بوون .هۆیەکی دیکەشی ئەمەبو ، کە ئەم بنەماڵەیە ، هەر لە مێژوەوە بۆخۆیان خاوەنی هەستی پتەوی نەتەویی کوردی بوون .هەر بۆیەش ، لە کارەساتی کۆماری کوردستاندا، ئەم بنەماڵەیە ، یازدەنەفەریان لێ لەداردرا .

هەر بەم پێیە ، بنەماڵەی فەیزوڵلابەگی و خەڵکی ناوچەکە ،لە زستانی 1946 دا، لێبڕان کە بچن ئاڵای کۆماری کوردستان ، لە مەهابادەوە بە ڕێورەسمێکی تایبەت بهێنن بۆ ناوچەی خۆیان و بەم چەشنە پەیوەندیان لەگەڵ کۆماردا پتەوتر بکەن .

ڕێکەوتی 1946.1.20، ئەندامانی ئەم هۆزە و خەڵکی هەرێمەکە ، ئاڵای کۆماری کوردستانیان ، لە مەهابادەوە بە ئۆتۆمۆبیل هێنا بۆ شاری بۆکان .ئەو شەوە، لە شاری بۆکان مانەوە و بەیانی ئەو ڕۆژە (1946.1.21) بە ڕێورەسمێکی تایبەت ، نزیکە دوسەد سوار و سێسەد نەفەر پیادە ئاڵاکەیان هەڵگرت و بەرەو ئاوایی یەکشەوە ، لە 10 کیلۆمیتری ڕۆژهەڵاتی بۆکان ، بەرێکەوتن ، کە ناوەندی ناوچەی فەیزوڵلا بەگی بو و ماڵی خاڵی پێشەوا قازی محەممەدی لێبو . لەم ڕێورەسمە بە شکۆیەدا ، سوارەکان ڕمبازی و سوارچاکیان دەکرد و لەگەڵ دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا ، بە پێی باو و نەریتی کوردەواری تەقڵەیان دادەکوتی و گۆرانی وێژی دەنگخۆشی ئەو کاتەی کورد ، محیەددینی قەڵەندەری ، شانۆیەکی لە بەیتی دمدم وت ، کە هێندە بەسۆزبو، زوربەی خەڵکەکە، دەستیان کرد بەگریان . دەهۆڵە کە خۆشەویستێکی جوولەکە لێی دەدا بە ناوی سیمەن و زوڕناکەش هەر جوولەکەیەکی کوردستانی لێی دەدا بە ناوی عەزیزە جو – یادیان بەخێر .
بە تەقڵە و ڕمبازێن و خۆشی بۆ شەولە سەر ڕێگەی گوندی یەکشەوە ، ئاڵاکەیان بردە گوندی ئاڵبلاغ و شەو لەوێ مانەوە . بۆ سبەینێ (1946.1.22)، یانی دوی ڕێبەندان ، تەواوی ئەو خەڵکە لە خزمەت ئاڵاکەدا ، گەیشتنە گوندی یەکشەوە و ئاڵاکەیان برد ، لە سەر دیواخانەکەی یەکشەوە چەقاندیا و جەژنێکی یەکجار گەورەیان ، گرت ، کە لەم جەژنە دا ، نەمر مایور ( سەرگورد ) عەلی شێرزاد فەرماندەی هێزی بۆکان،لە بنەماڵەی فەیزوڵلابەگی و خاوەنلکی یەکشەوە وتارێکی جوانی پێشکەش کرد

و بەهەشتی عەبدوڵڵا نیروومەند ( هاواڵ ) ،هۆنراوەیەکی لە وەسفی کۆماردا ، خوێندەوە، لە ژێر سەردێڕی (مانگی یەکشەوەی موکوریانی ) ، کە زۆر سەرنجی خەڵکەکەی راکێشا .

تەشکی ئاڵاکە بەم چەشنە بو : رەنگی سوور ، سپی و شین ، رەسمی دو گوڵەگەنم و پێنووسێکیشی پێوەبو . ئەم ئاڵاپیرۆزە ، تا رووخانی کۆماری کوردستان ، لە گوندی یەکشەوە ، لەسەر ئەو سەربانە بەرێزەوە هەر دەشەکاوەو ئێستاش خەڵکە کە هەر دەڵێن خۆزگە بەو رۆژانە، بلێی ....

ئەمەش هۆنراوەیەکی خۆمە ، کە پێشکەشی دەکەم بە رۆحی تەواوی ئەوانەی ، کە لە خزمەت ئەو ئاڵایەدا بوون : نامرن ئەوانەی ....

## دوی رێبەندان

جەژنی رێبەندان ، بزوێنە بۆ گەل
رەورەوەی خەبات ، سەر ئەخا لەکەل
تیشکی تێگەیین، لە دوندی شاهۆ
رووناک ئەکاتەو ، خاکی پاکی تۆ
هۆزی هۆگری هەتاوی هەستان
ئەبنە پەپوولەی شەمی کو ردستان
کوردی ئێزەدی و شیعە و موسایی
سوننی وئەهلی حەق، گەور و عیسایی
بادینی و لوڕ و لەک و گۆرانی
داسنی و زازا و فەیلی و سۆرانی
کۆئەبن ، لە بن ئاڵای رزگاری
کوردانە ئەژین ، لە کوردەواری
شای بەزیوی کش ، پاکی ئەبن مات
ئەو رۆژە ، سۆران ئەگاتە ئاوات

ح.س. سۆران

++++++++++++++++++++++++++++++++++++++

## ئەندامانی بنەماڵەی بەگزادە(فەیزوڵلا بەگی)موکوریان، کە بە بۆنەی بەشداریکردن لە کۆماری کوردستاندا،شەهید کران:

ح.س.سۆران

لەسەر ویستی برای خۆشەویست و دڵسۆزم ،کاک برایم فەرشی ، باسێک سەبارەت بە شەهیدانی بنەماڵەی بەگزادە( فەیزوڵلابەگی)، پێشکەش دەکەم . پێویستە ئەمەش بڵێم ، کە بۆخۆم یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەی بەگزادە( فەیزوڵلابەگی )م –کوڕی نەوەی فەیزوڵلا بەگم– و ئەم باسەم لە سەر بناغەی وتەکانی کاک سەعید هومایون (خوشکەزای نەمر پێشەوا)و یادداشتگەل و بیستراوەکانی خۆم نووسیوە،کە هەوڵ دەدەم، هەستی خۆشەویستی بنەماڵەیی یا شکستە نەفسی کردن، نەبێتە هۆی ئەمە، کە باسەکەلە چوارچێوەی گێڕانەوەی راستەقینەی مێژو بێتە دەرەوە :

زۆر شت ریشەی هەیە و لەسەر بنەمایەکی پێشو پێکهاتوە ، منیش هەر لەبەر ئەمە، بەر لە هەمو شتێک ریشە و بنەمای ئەم کارەساتەتان بە کورتی عەرز دەکەم:

هەر وەک دەزانین بنەماڵەی بەگزادە( فەیزوڵلابەگی) بە رەگەز دەچنەوە سەرفەقێ ئەحمەدی دارە شمانە، ئەمیر سەیفەددینی موکری و بوداق سوڵتان. سەردار غەزیزخانی سەرداری موکریش هەر لە ئەم بنەماڵەیە بوە (1)و هەر ئەم چۆنیتیە بوەتە هۆی ئەوە، کەبنەماڵەی بەگزادە (فەیزوڵلابەگی)،بەچەشنی ئیرسی وەک باووباپیرانی خۆیان،زوربەیان روانگەیەکی رامیاری، نیشتمانپەروەری ورامیاریان ببێ ویەکێک لەهۆکانی بەشداریکردنی شێلگیری ئەم بنەماڵەیە لە بزوتنەوەی کۆماری 1946 ی کوردستان دا، ئەم راستەیە بوە. هۆیەکی دیکەش ئەمە بوە،کە لە گەڵ بنەماڵەی پێشەوادا ، خزمی زۆر نزیک بوون – هەم شەهید پێشەوا قازی محەممەد و هەم شەهید سەدر و شەهید حەمەحوسەین خانی سەیف ، دایکیان نەوەی فەیزوڵلابەگ بوە، واتە لە دایکەوە بەگزادەی فەیزوڵلابەگی بوون.

کارەساتێ خزمایەتی و هەوێنی بیری رامیاری ئەم دو بنەماڵەیە ،لە ئەم رووداوەی خوارەوە دەستی پێکردوە –بەڵام تا ئێستا هیچ یەک لە مێژونووسان ئاماژەیان پێ نەکردوە :

یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەی بەگزادە( فەیزوڵلابەگی)بە ناوی خەلیل خان، کوڕی شێربەگی

کوڕی فەیزوڵلابەگی تیکانتەپە (2)،نێردراوە بۆ شاری سنە ،کە لە ئەوێ دەرس بخوێنێ . دەزانین ، کە ئەوکاتە، یانی نزیکی (دەوروبەری ساڵەکانی 1260 کۆچی هەتاوی ) لە سنە زانکۆ بە چەشنی ئەمرۆکە نەبوە ولەبەر ئەمە ، خەلیل خان لە مزگەوتی دارولئیحسان ، دەست دەکا بە دەرس خوێندنی وانەی فەقێیەتی ئەو زەمانە . هەر لە مزگەوتی دارولئیحسان،خوێندکارێکی دیکەش دەبێ، کە هاو حوجرەی خەلیل خان دەبێ. ناوی ئەو خوێندکارە میرزا عەلی دەبێ ،میرزا عەلیش کوڕی قازی کەریمی سابلاغ (مەهاباد) بوە ، لە بنەماڵە قازیانی سابلاغ .

خەلیل خان کە گەنجێکی زۆر نیشتمانپەروەر بوە دوای بەینێک هاوکلاس بوون لەگەڵ میرزا عەلی، بە هۆی ئەوەی کە لەباری هەستی گشتی و نەتەوییەوە یەکدڵ و یە کزمان دەبن ، دەبنە هاواڵێکی زۆر گیانی گیانی و نێوانیان بە یەکەوە زۆر خۆش دەبێ و لە راستیدا چەشنە پەیوەندیەکی زۆر پتەوی نیشتما نپەروەری و رامیاری لە نیوانیاندا پێک دێ، کە هەر ئەم پەیوەندیە ، دەبێتە

برێک لە هەوێنی داهاتوی پەیوەندیەکانی ئەو دو بنەماڵەیە ، لە کۆماری کوردستاندا –بەڵێ ، بە وتەی کوردی : هەر لە تروووسکە ، برووسکە پەیدا دەبێ.

ئەم دو قوتابیە ،پاش ئەوەی کە دەست لە دەرس خوێندن هەڵدەگرن ، دەیانەوێ بە یەکەوە بچنەوە بۆ موکوریان. ماڵی بابی خەلیل خان ئەو کاتە لە گوندی سڵێمانکەندی ، لە نێوان بۆکان و سەقز بوەو ماڵی بابی میرزا عەلیش لە سابلاغ بوە. ئەو کاتە ماشێن نەبوە و هەر بە پیادە ، لە سنە وە بەرەوموکوریان دەردەکەون . لە رێگە ، خەلیل خان بە میرزا عەلی دەڵێ : گوندی ئێمە (سڵێمانکەندی) وا لە سەر ریگەمانە ، وەرە بچین چەند رۆژ لەوێ میوانی من بە ،جا لە پاشان بچۆرەوە بۆ سابلاغ ، بۆ ماڵی خۆتان. پێشنیارێکیشم هەیە ، کە رەنگە ئەگەر پێت بڵێم ، زۆرت پێ خۆش بێ . میرزا عەلی دەڵێ: پێشنیارەکەت چیە ؟ . خەلیل خان دەڵێ: خوشکێکم هەیە بە ناوی گەوەر تاج ،ئافرەتێکی زۆر شیاوە ، دەمەوێ بە بابم پێشنیار بکەم، تا ئیجازە بدا ئەو خوشکەم ببێتە هاوسەری تۆ. چون من ئەم بەینە تۆم بە باشی ناسیوە و دەزانم هەر دووکتان شیاوی هاوسەری یەکن . میرزا عەلیش زۆری پێ خۆش دەبێ و بەیەکەوە دەچنەگوندی سڵێمانکەندی و چەند رۆژ لەوێ دەمێنێتەوە و خەلیل خانیش پێشنیارەکەبە شێربەگی بابی دەڵێ و بابیشی پێی خۆش دەبێ . میزا عەلیش ،کەدەچیتەوە بۆ سابلاغ ، ئیزن لەقازی کەریمی بابی وەردەگرێ و دوای بەینێک دێن بۆ خوازبێنی گەوەرتاج خانم و گەوەر تاج خانم بە بووکی دەبەن بۆ سابلاغ – بۆ میرزا عەلی قازی(کە لە پاشان بە قازی عەلی بە ناوبانگ دەبێ).

پاش بەینێک ، میزا عەلی لە گەوەرتاج خانم ،کورێکی دەبێ بە ناوی محەممەد ، لەدوای ئەویش کورێکی دیکەی دەبێ بە ناوی ئەبولقاسم ، کە هەردووکیان بە نەخۆشی منالانەی ئەو کاتە دەمرن . دوای مردنی ئەوان، کورێکی دیکەیان دەبیتەوە ، کە ناوی دەنێنەوە محەممەد و دوای ئەومنداڵەش، کورێکیدیکەشیان دەبێتەوە ، کە ناوی ئەویش دەنێنەوە ئەبولقاسم – ئەم محەممەدەی دوایی هەر شەهید پێشەوا قازی محەممەد بوە و ئەبولقاسمی دووهەمیش شەهید سەدربوە . دو کچیشیان بوە ، بە ناوی خەدیجە و ئامینە ، کە خەدیجەخانم خێزانی ئەورەحمان بەگی هومایون ( یەکشەوە ) و ئامینە خانم خێزانی حەمە حوسەین خانی ئەمیری( بەردە زەرد ) ، واتە هەر دووکیان مێردیان کردوە بە خاڵوزا و پوورزای خۆیان و مێردی هەردووکیان لە بنە ماڵەی بەگزادە (فەیزوڵلابەگی) بوون .

برایەکی دیکەی میزاعەلی ( قازی عەلی)،ناوی ئەبولحەسەنی سەیف (سەیفولقوزات) بوە ،کە یەکێک لە هۆنەرە مەزنەکانی کوردە .ئەبولحەسەنی سەیفیش،خوشکێکی گەوەرتاج خانم ( نەوەی فەیزوڵلابەگ) ی هێناوە ،بە ناوی زبێدە خانم . موحەممەد حوسەین خانی سەیف ، وەزیری بەرگری کۆماری کوردستان، کوڕی ئەم زبێدە خانمە بوە .

دەڵێن ماڵی خاڵوان فرە خۆشەویستە ، هەر بە ئەم پێیە شەهید پیشەوا قازی محەممەد و دو هاواڵە شەهیدەکەی ، زوربەی کاتیان لە ماڵی خاڵیان بوون و برێک لە دەرسەکانیشیان هەر لەوێ خوێندوە.

ئەو باسەی سەرەوم بۆیە دایر کرد کە ئەم شتانە بسەلمێنم :

1– دەتوانین پێشەوا قازی محەممەد و دو قازیەکەی دیکەش ، کە لەداردران بە شەهیدانی بنەماڵەی بەگزادە(فەیزوڵلابەگی ) دانێێن ، چون ئەوانیش لە لایەنی دایکەوە نەتیجەی فەیزوڵلا بەگ بوون وبە پێی یاسای مرۆڤایەتی، ئەولادی ژنیش ، مافی ئەولادی پیاوی هەیە.

2– تروووسکەی بیری بزووتنەوەیەک ،لەمزگەوتی دارولئیحسانەوە دەستی پێکردوە ، کە شوێنێکی بەرچاوی لەسەرمێژووی کورد و بە تایبەت کۆماری کوردستان داناوە .ئەو خەلیل خانەی کە لە مزگەوتی دارولئیحسان، لەگەڵ میرزا عەلی قازی بەیەکەوە شەمی بیروڕایەکی نیشتمانپەروەری گەشاندوەتەوە ، بابی سێ شەهیدی بنەماڵەی بەگزادەیە کە ئەمانە بوون :ئەحمەد خانی فارووقی(سالار)، حەمە خانی دانشوەر و عەبدوڵاخانی مەتین .لە لایەکی دیکەشەوە، میرزا عەلی هاواڵی خەلیل خانیش باوکی دو شەهیدی مەزن، واتە پێشەوا قازی محەممەد و سەدر و مامی شەهید محەحەدحوسەین خان بوە .

3– بەڵام ئەو مەسەلەیە ، کە زۆر کەس قەزاوەتیان ئەوەیە ،کە : نبوغ و هەستی نیشتمانپەروەری پێشەوا ، زۆرتر لە بنەماڵەی دایکیەوە بە ئیرس پێی گەیوە، تەوەرەی ئەم باسەی من و هی کەسی دیکە نیە . هەر چۆن بێ،پێشەوا ، پێشەوای گەلی کوردە و سەروەری هەموانە و بنەماڵەی ریزداری قازی ، پیاوگەلی مەزنی دیکەشیان زۆر لێهەڵکەوتوە .

جا ،لە جەنگی نێو نەتەوەیی دووهەمدا ، کە گەڵاڵەی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد،لە حاڵی دروستبووندا بو،یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەی بەگزادە( فەیزوڵلا بەگی) ، بە ناوی غەزیز خانی کرمانج ( خەڵکی گوندی یاسیکەند) ی لای بۆکان ، بە چەشنی چەکدار،لەگەڵ هاوڵانی هاو بیری، هێرشیان بردە سەر شارەوانی مەهاباد و حکومەتیان لە مەهاباد دەرکرد (3) .

دەوڵەتی کۆماری کوردستان،لە مەهاباد پێک هات و پێشەوا قازی محەممەد بو بە سەرۆک کۆمار. بە نزیکایەتیەکی رۆحی و بنەماڵەیی کە لە نێوان بنەماڵەی قازی وبەگزادە'(فەیزوڵلابەگیدا) بو ،زۆر سورشتی بو کە ئەندامانی بنە ماڵەی بەگزادە(فەیزوڵلابەگی)، ببنە هاوکاری پێشەوا و نەخشێکی بەرچاو لە کۆماردا بە ئەستۆ بگرن . بۆ وێنە ، هۆزی بەگزادە (فەیزوڵلابەگی ) داوایانکرد ئاڵای کوردستان بچێ بۆ ئەو مەڵبەندە . و لە رۆژی دوی رێبەندانی 1324 دا ، ئاڵای کوردستانیان هێناوەتە بۆکان و لە بۆکانەوە بە گوندی ئاڵبلاغدا ، بردویانەتە ئاوایی یەکشەوە، کە ئەوێش ماڵی خاڵی پێشەوای لێ بوە وخەڵکی ئەو هەرێمە ، چەند گاوگەردونیان کردوە و عەبدوڵای نیروومەند، باپیری کاک نادر بۆران،بەم بۆنەیەوە ، هۆنراوەیەکی زۆر جوانی خوێندوەتەوە ، کە ئێستاش زۆر کەس لە بەریانە .

بە کورتی ، بە گزادە (فەیزوڵلابەگی )ەکان، نەخشێکی زۆر بەر چاویان لە حکوومەتی کۆماردا بوە ، بۆ وێنە ئەم کەسانە ، بەرپرسی ئەم کارانە بوون :

1– عەلی بەگی شێرزاد(یەکشەوە) ، بەرپرسی هێزی بۆکان .

2– ئەحمەد فاروقی (سالار) ، جێگری فەرماندەی هێزی ناوچەی سەقز.

3– عەبدوڕڕەحمانی همایون (یەکشەوە) ، ئەندامی شاندی دەوڵەتی کوردستان ، لە سەفەری باکۆ.

4–سەرهەنگ برایم سەلاح ، فەرماندەی تەواوی هێزی سپای کۆمار .برایم سەلاح لە پێشدا،لە ئەرتەشی ئێران دەرەجەی ( ستوان) ی بوە ، بەڵام کاتێک کۆمار پێک هاتوە ، ئەوێی بە جێ هێشتوە وبە دەرەجەی سەرهەنگی هاتوەتە نێو سپای کۆمار.

5– سەعید هومایون ، خوشکە زای پێشەوا ، کە ئاجودان و بەرپرسی دەفتەری پێشەوا بوە .

6–ئەحمەدی ناهید ، خاوەنی دەرەجەی ئیفتیخاری کاپیتانی (سەروانی).

7– حیسامی گۆل ، ئەندامی شاندی دەوڵەتی کوردستان ، لە سەفەری باکۆ .

8– زۆر لەوانەی دیکە ، کە شەهید کران ، خاوەنی دەرەجەی ئەفسەری ئیفتیخاری بون.

9–زۆر کەسی دیکەش ،خاوەنی پلەو مەقام بوون، کە بە هیوام کاک سەعید همایون ئاجودان وبەرپرسی دەفتەری پێشەوا، کە ئاگای لە تەواوی ئەوانە بوە،لە بیرەوەریەکانی خۆیدا،بەزویی جاپی بکا و کەلێنێکی مەزن لە مێژوی کورد پڕ بکاتەوە .

10–نەمر دوکتور عەلی گەلاوێژ ، کاک عەلی فەیزوڵلا بەگی (قارەوا) ، کاک محەممەد شکارچی(یەکشەوە) و چەند لاوی دیکە ، خوێندکاری هەڵبژێرراو بۆ ناردن ،بۆ دەرەوەی وڵات بوون .

ریزی شەهیدانی بنەماڵەی بەگزادە( فەیزوڵلا بەگی ) ، کە لە خاکەلێوەی 1326دا،لە سێدارە دران،بەم چەشنەیە . بڕپیار وابوە ، کە بەیانی رۆژی داهاتو، چەند کەسی دیکەش لە ئەم بنەماڵەیە لەسێدارەدەن ، کە دەوڵەت بۆ بەیانی بڕیارەکەی گۆڕیوە :

1– پێشەوا قازی محەممەد ، سەرۆک کۆماری کوردستان (نەتیجەی فەیزوڵلابەگ).

2– سەدری قازی ، نوێنەری کۆماری کوردستان لە تاران ( نەتیجەی فەیزوڵلابەگ)

3– موحەممەد حوسەین سەیفی قازی ، وەزیری بەرگری( نەتیجەی فەیزوڵلابەگ).

4– ئەحمەدی فاروقی( سالار)، خەڵکی قەیلەسوون ،جێگری فەرماندەی هێزی ناوچەی سەقز.

5– عەلی شێرزاد(خەڵکی یەکشەوە)، فەرماندەی هێزی ناوچەی بۆکان .

6– عەلی فاتیح (خەڵکی قەڵەندەر) .

7– ئەحمەد شەجیعی،( خەڵکی کەڵتەگە).

8– محەممەد فەیزوڵلا بەگی (خەڵکی قارەوا چکۆلە)

9– حەسەن فەیزوڵلابەگی( خەڵکی کانی نیاز).

10–محەممەد دانشوەر (خەڵکی ئاڵکەڵو).

11– عەبدوڵلا مەتین (خەڵکی داشاڵووجە ).

–لە ریزی 6 تا 11 ش هەر ، هاوکاری دڵسۆزی کۆمار بوون .

تێبینی:

1–ریزی 1، 2 و 3 له چوار چرای مەهاباد له دار دران ، ریزی 5 له سەر حەوزە گەورەی بۆکان و ئەوانی دیکه هەموویان له شاری سەقز له داردران .

2– گڵکۆی ریزی 1، 2، و 3 له شاری مەهابادە . هی ریزی 5، له خانەقای شێخی بورهانه و باقی دیکه وان له گوندی جەننەتدەره ، له کن شاری سەقز .

پێویسته له ئێرەدا ، یادێکیش له هەوەڵین شەهیدی بنەماڵەی بەگزاده (فەیزوڵلابەگی) له دەورانی

پەهلەویدا بکەم ، که ناوی کاک محەممەد نیرومەند، خەڵکی سارووقامیشی سەر چۆمی جەغەتو بو.

کاک محەممەد،هۆنەر، نووسەر و وێنەگەرێکی زۆرتوانا بوولە زانکۆی ئەفسەری له تاران خوێندکار بو،که ساڵی 1315 ی هەتاوی به چەشنێکی مەرموز کوژرا وه و جەنازەکەی ئەویشیان نەداوەتەوە. دەبێ بشڵێم که هێشتا تۆماری کوشتن و لەداردان نەپێچراوەتەوەهەر بەردەوام،خەریکی زەبتی رووداوەکانە.

نامرن ئەوانەی له دڵی میللەتا ئەژین.

1381/7/7ی هەتاوی ح. س. سۆران

پەراوێز:

(1) بڕوانه شەجەرەی بنەماڵەی بەگزاده ، له ماڵپەڕی بۆکان.

(2) فەیزوڵلا بەگ، باپیرەی ئەم هۆزە ، گڵکۆکەی وا له دێی تیکانتەپه ، له 30 کیلۆمێتری رۆژهەڵاتی بۆکان .

(3) بڕوانه کتێبی کورد و ترک و عەرەب ، نووسراوی ئێدمۆندس .

++++++++++++++++++++++++++++++++++++++

## بەسەر هاتی زانای مەزنی کورد برایم سەلاح:

ماموەستا ئەبولحەسەن سەیفی قازی ، هونەری کەم وێنەی کوردستان دەڵێ : به کوته شانامان گەلان دەمێنن به میر و مەزنان ، شان دەشەکێنن. جا، ئێستا له پیناوی ئەم وته راستەقینه مەزنەی سەرەوە دا ، بەسەر هاتێکی کورتی زانای مەزنی کوردستان ، برایم سەلاح تان عەرز دەکەم .

برایم سەلاح ،که ساڵی 1271 ی کۆچی هەتاوی،له گوندی سارووقامیش، له سی کیلۆمیتری رۆژهەڵاتی شاری بۆکان ، له ناوچەی موکریان هاتوەته دنیاوه ، له بنەماڵەی دایکەوە دەچێتەوە سەر

ئەبووسەعید بەگی بەگزادە ، کە لە هۆزی بوداق سوڵتانی مەزنە و لە لایەنی بابیشەوە لە بنەماڵەی فەیزوڵڵا بە گی ناوچەی بۆکانە ، کە ئەوانیش هەر لە هۆزی بوداق سوڵتانن . دایکی ناوی زبەیدە خانم و بابی ناوی ئەحمەد خان بوە . کاتێک برایم ، هێشتا تەمەنی لە دەسال کەمترتربوە ، ئەحمەدخانی بابی ، هەر لە ئاوایی ساروقامیش تیرۆر کراوە و مردوە .

لەو کاتە دا ، قوتابخانە و فێرگە بەم چەشنەی ئێستا نەبوە .جا، هەر لە گوندی ساروقامیش ، برایمیان ناردوەتە حوجرەی فەقێیان و لە کن ماموەستا مەلا ئەحمەدی لاسوور ، زانای مەزنی ئایینی،دەستیکردوە بە وانە خوێندن .

چون باپیرەی برایم،واتە سوڵتان بەگی موکری،سەردەمێک لە شارەجۆربەجۆرەکانی وڵاتی عوسمانی باڵوێز بوە و لەوێ ژیاوە ، لەگەڵ دنیای نوێی ئەو رۆژە دا ناسیاو بوە و کتیبخانەیەکی باشی ساز کردوە ، کە کتێبی فەرەنگیشی تێدابوە. برایم لەم کتێبخانەدا ، لە قوژبنی تەنیایی گوندی ساروقامیش، لەگەڵ ئەلفوبێی نا عەرەبی و فەرهنگی نا رۆژهەڵاتیدا،ناسیاو بوە. بە چەشنێک کە خۆی گێراویەتەوە، لەو کاتەدا کەس لە ناوچەی بۆکان ، لەگەڵ ئەلفوبێ و فەرهەنگی غەربیدا ناسیاوی نەبوە و مەدینەی فازیلە خەڵک هێشتا هەر یەمەن ، بوخارا و سەمەرقەند و ئەو شتانە بوە !!! . هەر لەبەر ئەمە ، لە هەوەڵەوە پێی وابوە ، کە ئەلفوبێی لاتینیش هەر لە لای راستەوە دەخوێنرێتەوە . بەینک بەم چەشنە خەریکی فێر بوونی ئەلفوبێی لاتین بوە ، بەڵام لەپاشان ، بە ئەزموون بۆی دەرکەوتوە ، کە دەبێ لە چەپەوە بیخوێنێتە وە . بەم چەشنە ، ئەلفوبێی لاتین ، رووسی و ... فێر بوە .

ئەو کاتە لە رۆژهەڵاتی کوردستان ، زمانی فەڕانسە هەوەڵ زمانی لاوەکی بوە . هەر لەبەر ئەمە ، بەر لە هەر زمانێکی لاوەکی دیکە ، بە چەشنێکی سەرسووڕێنەر، بە کەڵک وەرگرتن لە خودامووز ،لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ، زمانی فەڕانسە بە باشی فیر دەبێ . دەڵێن ، ئەو کاتە لەگەڵ دوکتور یۆناتان ، کە مەسیحی بوە جارجار هاتوەتە لە شاری سەقز ، زۆر بەباشی ، بە زمانی فەڕانسە قسەی کردوە .

لە ساڵە کانی پێش 1917 دا، کە سپای رووسی تسێزاری کوردستانیان داگیر کردبو ، برایم سەلاح فێری زمانی رووسیش بوە و ئەم زمانەی بە چاکی زانیوە . هەر بەمە کە زمانی رووسی زانیوە و توانیویەتی لە کاتی پێویستدا،لەگەڵ رووسەکاندا بە رووسی قسە بکا ، گیانی زۆر لە هەژارارانی کوردی لە دەست ورچە قوتبیەکان ، نەجات داوە . رەنگە ئەو کاتەش رووسەکان وتبێتیان "کورد لە رەگەزی رەسەنی رووسۆسلاڤ( Rusoslav)ە؟؟ "بە قەولی کوردی ، خۆ قسە زەکاتی نیە !!

هەر لەم ساڵانە دا ، بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد ، بە سەرۆکایەتی سمکۆی قارەمان دەستی پێ دەکا . برایم سەلاح کە ئەو کاتە لاو دەبێ ، لەم راپەڕینەدا ، بەشداری دەکا و لە سپای سمکۆی نەمردا ،پلەی دەینێر(فەرماندەی دەنەفەر)ی پێ دەدەن و لە شەڕی هەوشار و گرتنی شاری ساینقەڵا دا بەشداری کردوە .تەنانەت ، لە شەڕێکدا لە کێوی ئایەن لە ناوچەی هەوشار ، گوللە لە پێی سپەکەی کەوتوە و چارەوێکە بریندار بوە .

ئەو کاتەی کە لە ساروقامیش دەبێ ،بەردەوام هەر هاتوچۆی فێرگەی بەهەشتی ماموەستا مەلا ئەحمەدی لاسوور دەکا و تا ئاخری ژیانی هەر خۆی بە قوتابی ئەو زانایەی کوردستان زانیوە . هەر لەو قوتابخانەیە ، زمانی عەرەبی و مەعاریفی ئیسلامی زۆر بە باشی فیر دەبێ .

لە ئاخر و ئۆ خری سەردەمی قاجاردا ، بە پێی راوتەگبیری راوێژکارە رۆژاواییەکانی دانیشتوی تاران ، ئەحمەد شای قاجار سوارەی ئێسکۆرت(گاردی ئێسکۆرتی شا) پێک دەهێنێ . بۆ سوارەی ئێسکۆرت ، کەڵک لە کوڕی رێبەرانی هۆزگەلی ئێران وەردەگرێ . ئامانج لەم کارە ئەمە بوە ، کە هەم هۆزە بەهێزەکانی ئێران بەوەی کە کوڕێکیان وا لە دەرباری شا ، رانەڕنەپەڕن و هەست بە دڵسۆزی و یەکیەتی بکەن و هەم زۆر گرنگتر لەمەو لە ئەسڵدا ، هۆزگەلی ئێران ، لەبەر ئەوەی کە کوڕێکیان وەک بارمتە لە دەزگای دەوڵەتدایە ، شۆڕش نەکەن . جا ، لە نێو هۆزی فەیزوڵلا بەگیدا ، برایم سەلا ح بۆ سوارەی ئێسکۆرت هەڵدەبژێرێ و دەنێرێ بۆ تاران ، بۆ قەسری ساحێبقەڕانیە ، لە سەلتەنەتابادی ئێستا . لەو کاتە دا ، زۆر لە کوڕگەلی هۆزەکانی ئێران لە گەڵ برایم سەلاح سوارەی ئێسکۆرت بوون ، وەک برایم قارەمانی لە هۆزی دێمۆکری ، کوڕی سەردار جومعە خانی ریگی سیستان و بلووچستان و کوڕی سەرداری ماکۆ و زۆر کە سی دیکە .

ئەم کاتە کە لە تاران سوارەی ئێسکۆرت دەبێ ، لە فێرگەی نیزامی ناوی خۆی دەنووسێ ودوای چەند ساڵ ، بە پلەی سیتوانی(کاپیتان 2) لەوفێرگەیە دەردە چێ. هەر لەم کاتەشدا ، لە تاران ، زمانی ئینگلیزیش بە چاکی فیر دەبێ . بەڵام ، ساڵی 1299 ، رەزا خانی میر پەنج، لە ئەحمەد شای قاجار کوودێتا دەکا و بنەماڵەی قاجار لێدەکەون . رەزا شا دەستوور دەدا ئەو ناوەندە دابخەن و بۆ خۆی ئێسکۆرتی تایبەت دروست دەکا . پاش داخرانی یانەی سوارەی ئێسکۆرتی ئەحمەدشا ، برایم سەلاح بە یەکجاری دەچێتە نیو سپای ئیران و وەک ئەفسەر کار دەکا . بەڵام ، بە پێچەوانەی ئەو گشتە سەواد و زانینەی ، کە لەو کاتەدا بێوێنە بوە، ماوەی 18 ساڵ کە ئیشی کردوە ،دەرەجەیان هەر پینەداوە و چەند جاریش لەدیوانی حەرب (دادگەی سپایی ) و ئەم شتانە محاکەمە کراوە . تەوای هاوکلاسەکانی ، کە لەگەڵ دارودەستەی رەزا شادا یەک بوون ، بوون بە سەرتیپ ، سەرلەشکر، سپابود و .وەزیر و ئەم شتانە ، بەڵام ئەو هەر بە سیتوانی ماوەتەوە . دیارە ئەویش جورمگەلی زۆر گەورەی بوە ، کە یەکێکیان کوردن بوون و ...بوە ! .

چەند جار لە تاران دووری دەخەنەوە و دەینێرن بۆ جێکەی گەرم و وشک و قاقڕ . ساڵی 1320 ی کۆچی هەتاوی ، لە موکران ( سیتان ) بوە ، کە دەوڵەتی ناوەندی دەشێوێ . ئەویش بە دەرفەتی دەزانێ و بە دەستهەڵگرتن لە تەقاعود و ئەم شتانە ، لەوێ هەڵدێ و دێتەوە بۆ کوردستان . بەرە بەرە ، دەوڵەتی کۆماری کوردستان دروست دەبێ و چون بەو چەشنە ئەفسەری دەرچوی زانستگەیان نەبوە و لە لایەکی دیکەشەوە ، ئەندامی پێشوی سپای سمکۆ بوە و پیشەواش زۆری خۆشویستوە ، پلەکەی دەکەن بە سەرهەنگ و دەبێ بە بەرپرسی تەواوی هێزی پێشمەرگە ولە پاش شەهید بوونی نەمر کاک محەممەد نانەوازادە ، دەبێ بە فەرماندەی تەواوی سپای کۆمار.

پاش ئەوەی کە گەورە هێزەکان ، کۆماری کوردستانیان لە پێناوی دراوی نەوت دا تێک دا ، بڕیار وابوە شەوێک لە پاش لەداردانی شەهید پێشەواو هاوڵەکانی، برایم سەلاح ، عەزیز کرمانج و چەند کەسی دیکەش لەدار بدەن ، کە لە تارانەوە دەڵێن جارێ لێیگەڕێن – جارێ بەسە . پاش ئەم کارەساتە دڵتەزێنە چاوەڕوانئکراوە ، دەچێتەوە بۆ گوندی سارووفامیش و پاشماوەی ژیانی لەوێ لەم گوندە خەریکی کاری زانستی و خزمەتی بێوێنە بە خەڵک دەبێ .

یەکێک لەو کارە زانستیانەی کە ئەنجامی داوە ، داهێنانی ( ئێختێڕاع ) ی چەشنە باتریەک بوە . ئەم پیاوە لێزانە ، لە ساڵی 1948 وە ، دەستی کردوە بەم کارە گرنگە و 12 ساڵ خەریک بوە تا بە

ئامانج گەیوە و باتریەکەی دروست کردوە . بەر لە هەمو شتێک ، لە گوندی ساروقامیش لابوڕاتۆرێکی زۆر سەرەتایی دروشت کردوە . رۆژی نزیکەی 4 کاتژمێر لەم لابۆڕاتۆرە دا ، کاری تاقیکردنەوەی ئەنجام داوە . ئامانجی ئەمە بوە ، کە بە کەڵکوەرگرتن لە کەلوپەلی کوردەواری ، چەشنێک باتری دابهێنێ . باتریەکە نە لێکلانشێ ، نە دانیێڵ و نە لە هیچ کام لەو باتریانە بوە ، کە لەو کاتە دا لە جیهاندا ، دروست کراوە . بۆ درسوستکردنی ئەم باتریە ، کەڵکی لەم کەلوپەلانەی کوردەواری وەرگرتوە :

–لە جێی دەفر ( زەرف یا خاجەت ) ، لە ئیستیکانی گڵی کوردە واری .
–لە چێی چەسبی لاوەکی ، لە کەتیرەی کوردە واری .
–لە جێی زوغاڵی کاک coke ، لە خەڵووزی چەقالەی سووتاوی میوەی قۆخ .
– لە جێی کاڕبۆن ، لە زوغاڵی داری کوردە واری .

بەم چەشنە ، پاش دوازدە ساڵ کار ، باتریەکەی دروست کردوە . دەڵێن هێندە شەو رۆژ لە لابڕاتوارەدا کاری کردوە کە رەنگی پێستی دەستی وا رەش بوە ، بە دەگمەن توانیویەتی سپی بکاتەوە ، هەر ئەو کارەی کە تەواوی زانایان و داهێنەرانی جیهان ئەنجامیان داوە . هەر ئیستیکانێکی گڵی لە بارتریەکە ، 1/5 ڤۆڵت هێزی بوە . بەم باتریە ، رادیۆکاری کردوە ولە ماڵە کەی خۆی کارەبای رۆشنکردوەتەوە . بەگشتی ئەم کارە بە سەرکەوتێکی گرنگی زانستی دادەنرێ.بەڵام ، کاتێک چوە بۆ سەبتی ئەم داهێنانە ، روخسەت لە دەوڵەت وەرگرێ ، وەک هەمیشە تەکەرەیان خستوەتە کارەکەی و هەرەشەی سەخیان لێ کردوە ،کە ئەم چەشنە کارە مەشکووکانە نەکا و وەک تەواوی خەڵک هێمن دانیشێ !!! . هێشتا هێندێک لەو کەسانەی کە ئەم باتریەنەیان دیبو ، ماون و ئەگەر کەسێک بیەوێ زۆرتر ئاگاداری بەدەست بهێنێ ، دەتوانێ لە گەڵ ئەم کەسانە پەیوەندی بگرێ :

– خاتو ئامینە باڵووڵی ، دایکی کاک حوسەین یەزدانپەنا ، لە شاری هەولێر . (ناونیشانی ، نازانین بەڵام چون ئافرەتێکی بە ناوبانگن، دۆزینەوەیان ئاسانە ).
– کاک عومەر بابا میری ، لە بۆکان .( هەمو دەیناسن ) .
– کاک ئیرەج ناهید ، لە شاری بۆکان .( هەمو دەیناسن ) .
– کاک بەنگین ساڵحی لە بۆکان ( پەڕتووکفرۆشی ساڵحی) .
– زوربەی کەسانی بەتەمنی دیکەی ناوچەکە .
–

یەکێکی دیکە لەو کارە بەکەڵکانەی کە لە پاش ساڵی 1948 ، لە گوندی ساروقامیش ئەنجامی داوە ، ئەمە بوە کە بە کەڵکوەرگرتن لە زانستی تایبەتی خۆی و خوێندنەوەی کتیبە پزیشکیەکان ، بە زمانگەلی جۆربەجۆری جیهانی پزیشکی ئەو دەمە ، دەستی کردوە بە داو دەرمانکردنی خەڵک بە خۆڕایی ( مەجانی ) . لەو دێیە ژوورێکی بۆ ئەم کارە بەکەڵکە تەرخانکردوە . بۆ ماوەی دوازدە ساڵ ، بە خۆڕایی ، رۆژی نزیکەی بیست نەفەر نەخۆشی دیوە و داو دەرمانی کردوون .بۆ دەرمان ، زیادتر لە گژوگیا و شتی کوردەواری کەڵکی وەرگرتوە ، هەر کەسیش دراوی نەبووبێ ، پێنج تمەنی ئەو کاتەی پێداوە بچی گیا و گژ و دەرمانی پێویست بکرێ . لەم متوەیەدا ، کە بە دەگمەن لە بۆکان پزیشک پەیدا دەبو ، ئەمە هنگاوێکی زۆر مرۆڤانە بو. رەنگە هەزاران کەسی دەرمانکردوە و چاک بوونەتەوە .کە وەک رفێڕانس ، دەتوانین کاک عومەر ئەدهەمی ، دانیشتوی دێی باغچەی بەهی ، لە مەڵبەندی بۆکان ناوبەرین ، کە چەشنێک دەردە باریکە ( سیل ) ی بوە و چاکی کردوەنەوە و شوکر ئێستا ساغ و سلامەتە.

له ساڵی 1331 یشدا ، کاتێک دوای تێکشکانی شۆڕشی وەرزێرەکانی ناوچەی بۆکان ، وەرزێرگەل و بنەماڵەکەیان ئاوارە بوون و ڕۆحیان کەوتە مەترسیەوە ، ئەم پیاوە چاکەخوازە ، سەدان کەسی لێ پەنا دان و گیان و ناموسیانی پاراست – هەر لەبەر ئەمە ، له نێو وەرزێرانی کوردستاندا ، ڕێزیکی زور تایبەتی هەیە .

ئەم پیاوە ، بە بیروڕای زوربەی خەڵکی ناوچە زانایەکی تەواو بو – ئەگەر کورد نەبوایە ، بۆ خۆی یەکێکی وەک ئەرەستو بو . بێجگە لەوەی حەوت زمانی سەرەکی جیهانی بە باشی زانیوە ، لەم بەستێنانەش دا پسپۆڕ بوە :

- ریازی .
- فیزیک .
- مێژوی کورد .
- پزیشکی تایبەتی ناوچەی کوردهواری .
- وفق .
- جەفر .

لەزمانی کوردیش دا زۆر شارەرا بوە . کتێبی رینووسی کوردی لە دو سەد لاپەڕەدا ، زۆر بە چاکی نووسیبو ، کە ساڵی 1958 نووسینەکەی تەواو بوە . لەبەر گیر و گرفتی چاپی کتێبی کوردی لەو کاتەدا،کتێبەکەی بۆ چاپ نە کراوە و بە داخەوە لە پاشان ،لە شەپۆلی لە نێو چوونی کتێبە کوردیەکاندا ، کتێبە کەی سەری تێدا چوە و رەنجی دەساڵەی خەساربوە !

ئەم پیاوە مەزنە ، دوو کچ و دو کوڕی بوە ، کەئەمانەن :

- رابعە .
- توبا .
- نەمر دوکتور عەلی گەلاوێژ، نووسەری کتێبی سەرنجڕاکێشی زووحەیاتەین .
- ح. س. سۆران ، هۆنەر ، نووسەر و وەرگێڕ .

گرنگتر لە هەمو شتێک ئەوەیە، کەمرۆڤێکی باش بوە . چون دەڵێن زانابوون چەند ئاسانە ، مرۆڤ بوون موشکوڵە ".

++++++++++++++++++++++++++++++++++++++

## داگیرکەرانی رووس و عوسمانی لە ناوچەی بۆکان .

لە ژیانی هەر نەتەوەیەک دا ، دەورکردنەوەی مێژو یەکێک لە شتە پێویستەکانە و دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەم ئەزموون زیاد بکا و هەم بە وتەی کوردی { لە هەر خەسارێک پەندێک وەربگرین} . جا لەسەر بنەڕەتی ئەو بڕوایەی سەرەوە ، چون بۆخوم خەڵکی ناوچەی بۆکانم و هێندێک ئاگاداریم سەبارەت بەو هەرێمە هەیە ، کورتە باسێکتان پێشکەش دەکەم لە سەر چلۆنایەتی داگیرکردنی ناوچەی بۆکان ، لە رۆژهەڵاتی کوردستان ، بە هۆی دەستەڵاتی رووس و

عوسمانی ، لە کاتی جەنگی جیهانی هەوەڵ دا – کە زوربەی وتەکانم ، لە بەساڵدا چوانی ئەو کاتە بیستوە :
لە ساڵگەلی 1910 ی زاینی دا ، ناوچەی بۆکان بە هۆی دو زل هێزی ئەو کاتە داگیر کرابو ، کە یەکیان ئیمپەڕاتووری رووسی سێزاری بو و ئەوی دیکەش ، تورکە کانی عوسمانی . عەجەمە قاجارە کانیش ، لە دوورەوە ، لە شاری تارانەوە خۆیان بە داشدار و خاوەن ملکی رۆژهەلاتی کوردستان دەزانی ، کە یەکێک لەوانە ناوچەی بۆکان بو . واتە : ئێرانیەکان ، ئەگەر بیانوێرایە ، تەنیا بۆ سووروسات سەندن و تالان و برو ، بە پەنهامەکی ، هاتوچۆی ناوچەی بۆکانیان دەکرد .
بە پێی ئەو بیرەوەریانەی کە پێشینیان دەیانگێڕاوە ، ناوەندی فەرمانەهی سوپای رووس لە ناوچەی بۆکان ، لە گوندی تورکمانکەندی ، لە دە کیلۆمێتری باکووری رۆژهەلاتی بۆکان بوە . بەو فەرماندەیان وتوە ، {پۆلکۆڤنیک} کە بە زمانی رووسی واتە سەرهەنگ . لە ئاوایی تورکمانکەندی یەک { پۆلکە} ساڵداتی سوپای رووس بوە ، کە واتە هەنگ و ئەو کابرایە بەرپرسی بوە .
ناوەندی فەرماندەهی سوپای عوسمانی لە ناوچەی بۆکان ، لە گوندی حەسار بوە . حەسار دەکەوێتە دو کیلۆمێتری باشووری رۆژئاوای بۆکان . بە فەرماندەی سوپای عوسمانی گوندی حەساریان وتوە { ئەرکان } ، کە وشەیەکی عەرەبیە . ئەرکان ، لە ناوچەی بۆکان نیوە زۆر و نیوە خوایشت ، کچێکی بەسزمانی جوانچاکی کوردی مارە کردبو ، کە ناوی { خێلان } بو . بەلام منداڵی لێی نەبو . من بۆخۆم خێلانم لە نزیکەی شەست ساڵ تەمەنی دا دیبو ، کە شوی کربووەوە بە پیاوێکی کورد .
لەو کاتەدا ، ئەو دو هێزە داگیرکەرە ، چەشنە تۆپێکی جەنگیان بوە . تۆپخانەی رووس لەسەر کێوی ناڵەشکێنە بوە ، دروست لە رۆژهەلاتی شاری بۆکان . ناوەندی تۆپخانەی عوسمانیش ، لە بان کێوی تۆڵەکە بوە ، لە چوار پێنج کیلۆمێتری باشووری بۆکان . زۆر کەس دەیانوت ، شەڕەتۆپی ئەم دو هێزەیان دیوە و کەسانێکیش ، جار جار ، لە سەر ئەو دو کێوە ، فیشەک و گوولەی تۆپیان دەدۆزیەوە .
بەداخەوە ، کەم کورد بیری لەوە کردوەتەوە کە شتێک بۆ خۆیان دروست بکەن . خەڵک یا لاگری رووس ، یا عوسمانی یا ئێران بوون . تەنانەت چون خەڵکی ناوچەی موکریان سوننی بوون ، زۆر فریوی خەلیفە ئیسلامپەناکانی عوسمانیان خواردوە . چون ، بەڵێنیان داونەتێ ، کە ئەگەر لە سەر ئیسلام بکوژرێن ، دەستبەجێ دەچنە بەهەشت و دەست دەکەنە ملی 72 حۆری یەمەنی و چی و چی . هەر لەبەر ئەمە ، ئەوانیش دەگەشەی خەزا (جیهادی ئیسلامی) یان ساز کردوە و چەند هەزار شێخ ، خەلیفە ، سۆفی ، دەروێش ، مرید ، مارگر و شتی وا کەوتوونەتە دوایان و بۆ کوشتنی رووسی کافر ، هاتوونەتە جەوەلان . کە بەداخەوە ، دەیانوت تاقمێکی یەکجار زۆر لەم خەزاکەرانە ، لە جەنگ لەگەڵ رووسی کافردا ، لە باتلاغی مەرەند و سۆفیان غەرق بوون و تەنانەت کەلاکە کانیشیان نە دۆزینەوە . ناوی زۆریان دەزانم ، بەلام پێویست نیە ناویان بەرم . هەر چۆن بێ ، بە هیوام جێگەیان بەهەشت بێ .
بارودۆخی ناوچە زۆر خراپ بوە . هەر شەوێک ، دەوڵەتێک و تاقمێک حاکم بوە . تالان ، برو ، کۆچ ، کوشتن و برین لەو پەڕی خویدا بوە – تۆفیری نەبوە – چ رووس ، چ عوسمانی و چ ئێران ، پاکیان خەریکی راوەڕووت بوون . هەر لەو سالانەدا بوە ، کە دەوڵەتی عوسمانی سەردار حەمەحوسەین خانی موکری بۆکان { خزمی بابم بوە } ، سەردار سەیفەددین خانی ئەردەلانی سەقز {خاڵی دایکم بوە } و حەمە خانی بانەیان بردوە ، لەسەر نیشتمانپەروەری و دژی ئیسلامی { کامە

ئیسلام؟}، لە شاری مەراغە لەداریان داون . شێخ بابای غەوساواشیان ، لە گوندی کەرێزەی کن بوکان لە دار داوە . ئێرانیش بە مسقاڵ خۆی بە خاوەنی نەکردوە ، بگرە پێشی خۆش بوبێ ! .
لەو کاتەدا ، کە قەیرانی جەنگی جیهانی هەوەڵ بوە ، هەر دو دەوڵەتی رووس و عوسمانی تێک دەچن : لە وڵاتی رووسیە ، ساڵی 1917ی زاینی شۆڕشی کۆمۆنیستی رو دەدا ، بنەماڵەی پادشا { ئیمپەڕاتوور = سیزار } خاشە دەکێشن ، حکوومەت لە پادشایەتیەوە دەگۆڕرێتە سەر کۆمۆنیستی و بەم چەشنە ، لە مەسکەوەوە فەرمان دەدەن ، سوپای رووس لە تەواوی کوردستان دەچنە دەرەوە . حکوومەتی عوسمانیش ، لە جەنگی جیهانی هەوەڵ دا دەشکێ و دەرووخێ و بەم چەشنە، تورکەکانیش لە کوردستان هەڵ دێن و دەوڵەتی عوسمانیش لەت لەت دەبێ .
بەڵام ، کوردەکان لە باتی ئەوەی خێرا بەسەریدا نەچن و بە لای کەمەوە ، دەوڵەتێکی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دروست بکەن ، دیسان کوردستانیان داوەتەوە دەستی حکوومەتی بێ هێز و ناشیاوی قاجاری ئێران ؟؟؟ . هەر ئەو کارەی کە لە پاش رووخانی حکوومەتی سەددام لە ئێراق ، دووپاتە کراوە و کەوتینەوە بەر دەستی بەغدا .

تاران – 1/12/ 2704.

+++++++++++++++++++++++++++++++++++

## مامە قالە (1) !: (تابلۆمووزیکال)

– مامە قالە ! ئەی دەروێش عەبدوڵڵای سۆران ، شمشاڵ ژەنی مەزنی رەبەن ، رۆڵەی زەمان ؛ دەنگی زەنگی خۆش ئاهەنگ و هەوای شەنگی کۆنی مێژو ، بیرخەرەوەی هەست بزوێنی سەردەمی زو، پیری دەوران ، ئەی ئاهەنگسازی بە ئاوەز ، ئەی داهێنەری بێ نیشان . هاوڕێ و هاوڕازی سۆزی ساز ، پارێزەری دنیایە راز ، هونەرمەندی شازی بێ ناز ، ئەی ئیلهامی پڕ پەیامی قا م و بەیت و بەستە و ئاواز .

– ئەی دەوڵەمەندی دەستبەتاڵ ،هەناسەسارد ، پسپۆڕی لێدانی شمشاڵ ، خوێندکاری مەکتەبی شوانی و دەشتەوانی ،ئەی قوتابی کێو و چیا و دەشت و دەوەن ، لێدەری شمشاڵی رەسەن ، رۆڵەی شەوێن(2) و بانەمەڕ ، دەزگیرانی پەری جوانی ، چاودێری مەڕ ، وەستای ئیشی پەز و کار و بەر خەوانی ، تۆ بازی دەوری تەرەغە و چیاکانی موکوریانی.

– خولقێنەری گەنجی هونەر ! خاوە هونەری گەل پەروەر ، دۆستی گیانی گیانی دوکتەر(3)، دەستبەتاڵی خاوەن منداڵ ، ئەی پسپۆڕی ئاکادێمیا و زانکۆی نەزمی بەزمی شمشاڵ ، مامۆستای شوبێرت و شۆپەن ، مێملی ئۆرگی یاماها و لۆتی بەرقی و قەمیش و فەن ، رۆڵەی زگماکی ساکاری کۆنە هەواری ئێش و غەم ، پەپوولەی عاشقی کوردان ، سووتاوی تیشکی وشکی شەم ، وێڵی هەواری چۆڵ و هۆڵ و دەشت وچەم ، نانەوچنی نانی شوانی و مەڕۆیی کاتی بەیانی ، پاکت ئەنجام دا پڕ بە دڵ ، لە هەوڵ و کار قەت نەتکرد سڵ ، رۆڵەی شاخ و داخ و بەرد بوی ، شوانی مەڕ و مەردی هەرد بوی .

– مامە قالە !بە سۆزی دەنگی شمشاڵت ، بە قامکی پڕ خەیاڵت ،بۆم لێدە مۆسیقای کۆنی پێشو ، بمبەرەوە بەرەو مێژوی سەردەمی زو...

– سۆزی لۆرەی شمشاڵەکەت ، هێزی هەستی شنەی مەستی جامی خەستی خەیاڵەکەت ،کزەی ئامێرە زاڵەکەت ،دڵبزوێنە و تۆشەی دڵە ، رامکەری مرۆڤی سڵە ، دەنگی هەزاری سەر چڵە . ئەو لاوژە و بەستە و حەیرانە ،بیرخەرەوەی کاتی زوە ، پەڕەی دیرۆکی زیندوە ، هی دەورەی بوداق سوڵتانە ، کە سەرداری موکوریانە ،خاوەنی قۆشەی کوردانەی زەربی (4) خاکی کوردستانە،سروەی باسەری ئێوارەی دەشتی چۆمی مەجید خان و بناری چۆمی لاوێن و هەواری کۆنەلاجانە، شەماڵی دەشتی شامات و نەسیمی گوندی دریازو شەقەی ماچی کچی کۆڵانی ماچانە(5) ، شەقامی کۆنی مێژویی هەرێمی شاری ویرانە (6) ، قەڵای سەربەرزی سەردارە ، کە بووکی شاری بووکانە(7) ، کە شاری کاکە سۆرانە ، خورەی ئاوی شین و ئاویی کەناری تاڤگەیی کرژی هەرێمی کەسکی شەڵماشە ، خوڕینی چۆمی کەڵوێیە و تەوژمی گادەری پەنگی خوڕ و پانە ، وەبیرهێنی شاری سنە و ئەمیرانی ئەردەڵان و قەسری کۆنی پاڵەنگان و زرێبارو قەڵای کۆنی مەریوانە ، وەسفی کێوی ئاویەرەی بووکی شەنگی کوردستانە ، ئاورە سوورەکەی زەرِدەشتە ، کە رۆڵەی شازی سەردەشتە ، مێژوی شاری چوارچرایەو مەدحی پێشەوای پێشینە، کە خۆشەویستی خەڵکیە و سەرۆک کۆماری کوردانە .

– مامە قالە !بە سۆزی دەنگی شمشاڵت ، بە قامکی پڕ خەیاڵت ،بۆم لێدە مۆسیقای کۆنی پێشو ، بمبەرەوە بەرەو مێژوی سەردەمی زو .

– ئەو شمشاڵە هەست بزوێنە ، خەم رەوێنە ، ناڵەی ئەشعاری ناڵیە ، تۆزی رێگەی شارەزوری هۆنەرێکی رێگەدوورە ، وەڵامی نامەی سالم و داری پیری پیرمەسوورە ، سنووری چۆمی خاپوورە ،هێند حەزنیە ، خەزێنە و کانی ئەسرینە ،سەبوونی دەشتی هەولێر و گەرمای گەرمی گەرمیانە ، شەختەی کوێستانی قەندیلە ،قیبلەی قنجی کوردستانە ،بە وێنەی بەیتی دمدمە و هەستی نەرمی مەموزینە . تەزبێحی میری لالەشە ، کتێبی مەسحەفا رەشە(8) ، حەسێنەری رۆح و مێشک ومرخ و بیر و لەشە ، قەڵای کۆنی شاری دێرین ، هەولێر پێتەختی خوێن شیرین ، ماڵی ئێستای کوردە ژنە ، کە ژاندارکی کوردستانە ، جێگەی شانازی هەموانە .

– ئەو شمشاڵەت، ئەو ئامێرە پڕ لە ناڵەت ، رامدەچەنێ ،مێژوی کوردم وەبیردێنێ ، لە ئوقیانووسی خەیاڵدا ، لە نێو گۆلاوی هەواڵ دا ، دەمباتە بەرزایی بەرزان ، زێد و دروشمی چازانی ، شێخ سەلام و شێخ ئەحمەد و سەرۆک مستەفا بارزانی ؛ دەمباتەو سولەیمانی و شاری کۆنە ، شاری گەورەی مەلیک مەحموودی تاقانە ، شاری شێعر و هەست و هونەر، مینگەی هۆنە، دەمباتە سەرگردی یارە – گۆیژە و ئەزمەر لەوێ دیارە –، دەمباتەوە گردی سەیوان ، گڵکۆی مرۆڤی خاوەن بیر ، مەکۆی هونەرمەند و هۆزان ،جێی شانازی هۆزی کوردان ، قەبرستانی شەهیدەکان ، شەهیدەکانی کوردستان ،کوردستانی گەورەی سۆران .

– شنەی دەنگی هەستی پەنجەت، وەبیر هێنی قەڵپەزەی چۆمی سیروانە ،بەرجەوەندی کێوی هرگە(9) و دوندی تەتەو و شاخ و داخی پڕ لە باخی ناوچەی هەورام و گۆرانە ، خۆڕەی تاڤگەی کرژی بڵ و ماریفەتو پیر شالیاری پیری تەختە ، قسەی حەققی سەرەنجامی(10) سووڵتان ساهاکی دێرینی پەیام هێنی دڵۆڤانە ،تیشکی ئاتەشگەی لەمێژی کێوی شاهۆی کن پاویە و بەرگی مێژوی بەردەنووسی هەرێمی گوندی هەجیج و سانەکانی هەورامانە ، کە کان و کانی سانانە .

– مامە قالە !بە سۆزی دەنگی شمشاڵت ، بە قامکی پڕ خەیاڵت ،بۆم لێدە مۆسیقای کۆنی پێشو ، بمبەرەوە بەرەو مێژوی سەردەمی زو...

- دەنگی خۆشی شمشاڵەکەت ، هەستی سروەی شنەی نەرمی گۆمی وانە –کە هی ئێمە و بە دەست وانە – دەقی مێژووی شەرەفخانە ،شۆڕشەکەی ئاڕاڕات و ئاگریداغی ئیحسانی نووری قارەمانە . منارەی مزگەوتی نەمرووت ، چیرۆکی ناوچەی جزیر و دەشتی سەوزی بادینانە ، گوڵی باژێڕی بۆتانە . زریانی کاتی ئێوارەی کەڵەشارەکەی ئامێدە و بزاڤی مەزنی فەرهەنگی بنەماڵی بەدرخانە ، خەباتی دادەلەیلایە و گرتوخانەی ئێمرەلیە ، جێگەی ئاپۆی دلۆڤانە ، شۆڕشی شێخ عوبەیدیلا و شێخ سەعیدی میری پیری پیرانە .

- بە هۆی دەنگت، بە هۆی پەنجەی داهێنەری شەنگت ،دەمبەیتەوە باڵەخانەی کۆنی مێژووی کاتی پێشو ، دەچمەوە کێوی بێستوون ، قەڵای فەرهاد، پاڵەوانی کوردی ناشادی رەنج بەباد ، تاقی تاقوەستان ئەبینم ،شاری کرماشانی مەزن ، قەلبی کوردستانی گەورە ، شانازی سۆران ئەبینم ، کتێبی فەرهاد و شیرین ،" هەرچەن مەواتان " ئە خوێنم ، هۆنراوەی شاعیری نەمر ، خانای قوبادی بیرەوان ، رۆڵەی دلۆڤان ئەخوێنم . دەمبەیەوە کووچەکانی شاری دێرینەی دینەوەر ، سەدان کەسی خاوەن بیر و مرۆڤی چازان ئەبینم ، دەچمەوە عیلامی (11)پێشو ، لە مەیدانی شاری ئیلام ، پەیکەری شاعیری نەمر ،غوڵامڕەزاخان ئەبینم ، شاکە و مەسوورخان ئەبینم ، عێلی گەورەی بەختیاری و کەڵوڕ و لەک ، مرۆڤی دڵپاکی رەبەن ، خەڵکی لوڕستان ئەبینم .

- سۆزەی دەنگی شمشاڵی تو ، قامیشی نێو بە تاڵی تۆ ، مێژووی شاری قامیشلیە و دیرۆکی کۆنی عەفرینە ، یادی کرمانجی ئیزەدی و گۆلی سێوان و لاچینە ،باسی شیروان و قووچانی خوراسانە ، پەیامی شاری جابانە (12).

- ناڵەی شمشاڵی شەنگی تۆ ، کزەی دەروونی تەنگی تۆ ، دەنگی کۆنی پەری ژینە ، فۆلکۆرە، کەلەپوورە ، قسەی لاس و سیامەندە و باسی بەیتی مەم و زینە ، قەتاری عەلی مەردانە و سەحەری دەنگی سێوەیە و پێزی هێزو مایەی ژینە ، سروودی بەزەو ئەوینە ، دژی کێشە و زوڵم و رق و قینە .مامە قالە !بە سۆزی دەنگی شمشاڵت ، بە قامکی پڕ خەیاڵت ،بۆم لێدە مۆسیقای کۆنی پێشو ، بمبەرەوە بەرەو مێژووی سەردەمی زو...

- دەنگی لۆرەی ئەو شمشاڵەت ، هۆرە و سیاچەمانەیە ، تراژێدیای ساڵ و قەڕن و بانگەوازی زەمانەیە ، باڵۆرەی حوزنی حەیرانی جانانەیە ، شینی دایکی شەهیدانی کوردستانە ، ناڵەی زامی ساردەوە بوی پێشمەرگەیە، کە گیانفیدا و قارەمانە ، زمانی حاڵی هەژارە ، بۆڵەی مرۆڤی بێکارە ، ئاهوناڵەی برسیان و ئاواران و بێ ماڵانە ، سروودێکی راستەوخۆیە ، دژ بە ئەنفال و حەڵەبجەو بە سەردەشت و دارەلەک و قەڵاتانە .

مامه قاله ! قاڵه مەڕە ! هەر ئەونده !

__مانای بڕێک لە وشەکان :__

(1) مامه قاله = ماموەستا قاله مەڕە ، شمشاڵ ژەنی ناسراوی کورد .قادر عەبدوڵازاده (2) شەوێن = شەو لەوەڕی ران . (3) دوکتەر = دوکتور ... ( 4) زەرب ( زەربی قۆشه و سکه ) . (5) کۆڵانی ماچان = جێگەیەکە لای خانێ . (6) شاری وێران = شارویرانی موکوریان . (7) بووکان = بۆکان . (8) مەسحفا رەش = کتێبی پیرۆزی ئایینی هاو خوێنه ئیزەدیەکان . (9) هرگە یا وڕگە – کێوێکی رماوە سەیرە ، لە فەراغی چۆمی سیروان . ( 10 ) سەرەنجام = کتێبی ئایینی هاو خوێنه ئەهلی حەقەکان . (11) عیلام = وڵاتی کۆنی عیلام . (12) جابان = شارێکی کورد نشینی لای تاران

++++++++++++++++++++++++++++++++++++

## سەفەرێکی پەنجا ساڵ پێش، لە بۆکانەوە . تاران – 21 ی گوڵانی 2704

تێبینی : وەرن بەسەر هاتەکانمان بنووسین ، رەنگە هەر ئەم کورتە بەسەرهاتە ئاساییەی کە من ئێستا دەینووسم، پاش ماوەیەکی زۆر ، ببێتە بەڵگەیەکی بەکەڵک بۆ کوردناسان.

دروست پەنجا ساڵ پێش ، ساڵی 1333 ی کۆچی هەتاوی ،کە ماڵمان لە ئاوایی ساروقامیشی سەر چۆمی جەغەتوی ناوچەی بۆکان بو ، یەکێک لە ددانە کاکیلەکانم هاتە ژان . هێندە ئێشەکەی سەخت بو ، کە لەوە دەچو بە نووکی چەقۆی تیژ ، تەرکی دڵم هەڵکەنن . تاقە خولەکێک ژانەکەی نەدەوێستا .

ئەو کاتەش ، لە هیچ دێیەکی ناوچەی بۆکان، بۆ دەرمان ددان کێشی پسپۆڕ نەبو و ئەگەر دەلاک و مەلاک تاقل و تۆقل ، بە گازی ناڵبەندی ددانیان دەکێشا ، مرۆڤیان دەبردە شەرای مەرگ . لە شاری بۆکانیش ، چەند دانە ددانکێشی لێ بو ، کە ئەگەر گازی ددان کێشانەکەیان هی ناڵبەندی نەبو ، بەڵام چون نەیاندەتوانی ددان سڕ بکەن جا بیکێشن ، پێم خۆش نەبو لای ئەوانیش بیکێشم . ئەم فۆلکلۆرە کوردیەش ، وەک بنێشتە خۆشە ، لە سەر زاران بو کە دەڵێ " ددانی ئێشاو چارەی کێشانە ". جا ، چارە هەر ئەوە بو ، بۆ عیلاجی ژانی ددانم ، بچم بۆ شاری میاندواو ، کە لە نزیکەی 57 کیلۆمیتر لە بۆکان دووره .

چون مێردمنداڵێکی سێزده ساڵانە بووم ، بابم پیوایێکی زۆر بەرێز و تێگەیشتوی ئامادە کرد و وەک رێنوێن لەگەڵ من دا ناردی بۆ میاندواو ، بۆ لای ددانساز . ئەو پیاوە رێزدارە ناوی میزا مەحموودی بەهلوولی بو ، کە مەحموودی کوێخا ئەحمەدیشیان پێ دەوت . رەنگە یەکێک لەو هۆیانەی کە بابم ئەو خۆشەویستەی لە گەڵ مندا نارد بۆ میاندواو ، ئەوە بو کە من ئەو کاتە فارسی و تورکیم باش نەدەزانی ، بەڵام میزا مەحموود ، هەم تورکی زۆر باش دەزانی و هەم فارسی و لە شاری تورک زمانی میاندواو زۆ بەکەڵکی من دەهات . میرزا مەحموود ، تورکی لە کاتی ساربازی فێر ببو و فارسیشی لە حوجرەی ئەو کاتە ، لە کن مەلا ئەحمەدی لاسور ، خوێندبو .

ئەو دەمە ،ئاوایی ساروقامیش رێگەی ماشین {ئۆتۆمۆبیل}ی نەبو و ئەگەر بیشیبوایە ، ماشین لە بۆکان بەو چەشنە نەبو . هەر چۆن بو ، بە سواری ئەسپ ، بەیانی زو ، لە ساروقامیشەوە بەرەو بۆکان دەرکەوتین . بە سەر ئاوایی تیکانتەپە ، دەرزیوەلی و نزیکی قوڕەبەراز دا تێپەڕ بوین و لە کارێزی قەفاری لای دێی قوڕەبەراز ،کە ئاوێکی زۆر خۆشی بو، ئاویشمان خواردەوە و

پاش نزیکەی سێ کاتژمیر ، گەیشتینە ئاوایی یەکشەوە . هەم برسی و ماندو ببوین و هەم ئەسپەکانیش زۆر شەکەت ببون ، هەر لەبەر ئەمە بۆ نیوەرۆژە {نەهار} ، لە ئاوایی یەکشەوە ماینەوە . خاوەنملکە کانی یەکشەوە خزممان بوون ، بۆ نیوە ڕۆ میوانی ئەوان بووین ، هەر چەند کە تەرکی ددانم هەر سەقەت دەیزیڕاند . لەو خانووبەرەیە دا نەهاریان پێ داین ،کە لە رۆژی 2ی ڕێبەندانی 1324 دا، ئالای کۆماری کوردستانی لەسەر هەڵکرابو . خانەخوێکانمان بۆ میوانگری و دڵاوایی بە ناو بانگ بوون ، هەر لەبەر ئەمە ، هەم خۆمان و هەم ئەسپەکانمان ، بە تەواوی ماندومان حەساوە و پاش نیوەڕۆ، بە سواری ئەسپ بەرەو بۆکان ڕێکەوتین .

بە تێپەڕ بوون بە ئاوایی ئاڵبلاغ دا ، دوای نزیکەی دو کاتژمێر گەیشتینە شاری بۆکان . ئەو کاتە لە بۆکان میوانخانە نەبو . هەر لەبەر ئەمە ، بۆ ئەوەی خۆمان بەسەر هیچ خزمێک دا نەبڕین ، چووینە کاروانسەرای رەشیدە سوور ، کە لە قەراغی رۆژهەڵاتی شاری بۆکان بو و ئەو کاتە ، لە جێی میوانخانە و هۆتێل کەڵکیان لێ وەردەگرت . کاروانسەرا ، لە باتی پارکینگ ، جێی ئەسپ و چارەوێی میوانیشی بو ، چون ئەو سەردەمە لە ناوچەی بۆکان ، کەسێکی وا ماشینی سواری نەبو تا پارکینگی بوێ . بەر لە هەمو شتێک ، میزا مەحموود چو لە بازاڕ ، ئالکی بو ئەسپەکان هێنا ، کە بریەتی بو لە یۆنجە و کا و جۆ . هەر لە حەوشەی کاروانسەراکە ، بە ئاوی تورومپای حەوشەکە ، ئەسپەکانیشمان ئاو دا .
بۆ شەو ، کاکە حەمەی کوڕی مام رەشید ، کە بەرپرسی کاروانسەراکە بو و ئێستاش هەر ماوە ، وەتاغێکی دا بە ئێمە . بە بیروڕای من ، کاک محەممەد دروشمی رێز و میوانداری گەرمی نێو کوردایەتی بو . هەتا بڵێی پێمانەوە ماندو بو. ئەو شەوە میرزا مەحموود چو لە بازاڕی بۆکان ، بۆ شێو کەبابی هێنا ، رەنگە بیستبێتتان کە کەبای بوکان و مەهاباد و ئەوانە ، بۆ تام و چێژ بە ناوبانگ بو ، بە تایبەت نانی ژێر کەباب ، کە بە وتەی کوردی لە ژن خوشک زیادتر بە دڵی عیسانەوە دەنووسێ – {بەڵام با لە باسی هێوەر گەڕێم }. هەر چۆن بو، لەبەر خۆشی کەبابەکە ، بەو ژانە ددانەوە ، برێکم بە شێویلکەی ئەو لای دیکەم خوارد . بۆ بەرقەندەش ، بەو ددانیەشەوە ، کاڵە گوێز ، پەنیری کوردی ، ماستی شێخلەر و چایی شیرین ، وزەی ئەوەی پێ داین ، کە بەرەوە میاندوا رێ بکەوین . ئەسپەکانمان لە کاروانسەرای مام رەشید بە ئەمانت بەجێ هێشت و من و میزا مەحموود چووینە گاراژ ، تا بە ئۆتۆبووس بچین بۆ میاندواو .
لە بۆکان تەنیا تاقە گاراژێک بو ، پێیان دەوت گاراژی حەمەدەمین ئاغا ، کە لە فەلەکەی قەراغی باکووری شاری بۆکان بو . کابرایەکی سوورهوول ، بە ناوی عەلیە شەل ، کە ئەو کاتە پێیان دەوت دەڵاڵی گاراژ ، هەر دەسووڕاوە و بە بێ بیر لێکردنەوە دەینەڕاند و دیوت " حەرەکەت ، حەرەکەت، میاندواو و مەهاباد ... تەوریز ، تەوریز و ... " تا جێگەیەک لەبیرم دێ ، بەڕێوەبەری دەفتەری گاراژە کە ، ئاغای قورەیشی بو ، کە ناوی چکۆلەی عەلی بو ؟ . چووینە خزمەت ئەو بەڕێزە و دو دانە بلیتی ئۆتۆبووس { پاس } مان کڕی بۆ میاندواو ، هەر دانەی بە نزیکەی تمەنێک .ئەو کاتە تاق تمەنی کاغەزی { ئەسکیناس } بو ، لام وایە دو دانە ئەسکیناسی یک تمەنیمان پێ دا و دو دانە بلیتی داینێ .
بڕیار وا بو ئۆتۆبوسەکە زۆر زو بەرەو میاندواو رێکەوێت ، بەڵام لێخوڕ و شاگرد کە تورک بوون ، هەر خەریکی تەقە تەق بوون و نازانم بۆچی ، وەک کاوەی ئاسنگەر کەوتبوونە گیانی پاسەکە و لەسەر یەک ، بە پتکی ئاسن دیانکوتی . چەند نەفەر تورکی خەڵکی لای میاندواویش ، پێستە و ریخۆڵەیەکی زۆریان لە ناوچەی بۆکان کڕیبو ، پاکیان خستە سەر پشتی ئۆتۆبووسەکە ، تا بیبەن بۆ میاندواو { ئەو سەردەمە زوربەی پێستە و ریخۆڵەی ئاژەڵی موکوریان ، دەبرا بۆ عەجەمستان} .

**ماڵم قەبرە ! بان ئۆتۆبووسەکە زۆر تر لە دەبباغخانە دەچو ، تا لە پاس و ماس . دێارە بەم چەشنە لە جێی بێنی عەتر و ئاوی کۆلۆن ، زۆر تر بۆنی گەدە و مەدە و حەوشەی قەسابخانی لێ دەهات .**
**نزیکەی کاتژمێری 9 ی بەیانی بەرەو میاندواو ڕێکەوتین . هاوسەفەرەکان هێندێکیان کوردی خەڵکی دێگەلی بەینی بۆکان و میاندواو بوون ، وەک عەلیاباد { چاوان } ، ناچیت ، وشتەپە ، مەڵلالەر ، داشبەند ، حوسەین مامە ، عاجیاباد { حاجیاباد} ، قەڵای ڕەسووڵی سیت ، سارووقامیشی تەتەهو، شین ئاوا و ... . هێندێکیش تورکی میاندواو ، مەڵکەنی { نەک " مەلیک کەندی" } ، بناو، مەراغە و تەنانەت تەورێز بوون و دەچوونەوە بۆ شارەکانی خۆیان . دو سەربازیشی تێدا بو . بەسەر یەکەوە ، ڕەنگە چل نەفەر دەبوین ، کە بیست و پینج نەفەرمان بە پاوە ، وەک داری حەیزەران ڕاوێستابووین . یەک دو نەفەر ژنە کوردی گەڕاوەی خەڵکی دێشی تیدا بو ، کە چارۆکە ، بەرهەڵبێنە و تەنانەت هەڵکێش { پاتۆڵی ژنانە } یشیان لەبەر دا بو و تا کاتێ دابەزین ، قسەی زۆر سەرنجڕاکێشیان دەکرد ، کە زۆربەی قسەکان باسی ئاماری و سەبتی ئەحواڵی بوون ، بۆ وێنە : کێ شوی کردوە ، چۆنی شو کردوە ، کێ منداڵی بوە ، کێ مردوە ، یا کێ چۆن مێردەکەی لەسەر ڕاوەکەو ، تەڵاقی خواردەوە و ئەو کولۆڵە بە فتوای مەلا باپیر ،هەر سێ تەڵاقی کەوتوە و تەنانەت بە ... چاک نابێتەوە و ....**
**ڕێگەی بۆکان بۆ میاندواو قیرتاو نەبو . زیخ ڕێژ {شووسە} یێکی زۆر ئاڕەفتە ،چاڵ و چۆڵ، تۆز و خۆڵ و خراپ بو . ئۆتۆبووسەکە هێندە کۆن بو ، کە جاری وابو دەموت ڕەنگە هەر ئەو پاسەیە ، کە لە فیلمی بە ناوبانگی ئۆتۆبووس دا ، نیشان دەدرا . پەنجێرە کانی هێندە چکۆلە بو ، کە سەری مرۆڤیان پێدا نەدەچو. سەندەڵی لە تەختە داری کۆن و شەق و شڕی بو ، کە سەد خۆزگە مان بە سەر قەڵتاغی زینی ئەسپەکەمان دەخواست . لەوانەیە بڵێم لەبەر خراپی ڕێگە، ناسازی ئۆتۆبووس و تەقەتەقی نێو ڕێگەی چاڵ و چۆڵ ، تەواوی ورچ و بەرازی قۆرغی عەلیاباد ، ناچیت ، وشتەپە، داشبەند و مەڵلالەرمان تەقاند . هەر تاوێ نەتاوێ، کابرای شاگرد بە تورکی دەینەڕاند "تووشان وار؟" یانی "کەس دادەبەزێ "، ئەگەر خودای نەکردە بیانوتایە بەڵێ ، ئیدی بەڵای کەمەوە نزیکەی دە خولەک لەوێ گیرمان دەکرد ، چون موسافیری دابەز ، بۆ وێنە پوورە کورتێ ، کۆلێ شت و مەکی لە بۆکان هێنا بو بۆ ماڵەوە و دەبو هەموی دابگرێ و لە پەستا لە بەر خۆشیەوە هەر قسەی دەکرد و بۆ وێنە دەیوت " ئەیەڕۆ کەوشە جووتمێخەکەی مەنیجم لەبیرنەچێ ، بە خوڵای شەڕم لەگەڵ دەکا ؛ ئەدی گوڵقەندە کەی مەحموودی نەوەم ، برات نەمرێ، هێند بێ حەیایە گاز لە قاپوولکەم دەگرێ ، نازانی چەند سەحەسووک و قسە خۆشە ؟! . بە کورتی ، چون پوورە کورتێ و مسافرانی دابەز{ تووشان } ، زوربەیان لە ئاخری داڵانی ئۆتۆبووس دا، بە پاوە وێستابوون،دەبو زوربەی موسافیرەکان دابەزن ، تا ئەوانیش بێنە خوارەوە وئێمەش ڕزگار ببین .**
**هەر تاوێ نە تاوێکیش ، باری لاری پیستە و ریخۆڵەی سەر ئۆتۆبووسە کە، شل دەبوە و نەیدەویست بە مەنزڵ بگا، کە کابرای لێخوڕ، شاگرد و پێستە و ریخۆڵە فروشە کان، لێی دەچوونە سەر بان و دیسان توندیان دەکردەوە و بە قەولی خۆیان لە پەنای حەزرەتی ئەبولفەزلی عەبباس دا،ڕێ دەکەوتنەوە . ئۆتۆبووس هێندە دەستەندازی بو، سەد خوزگە بە سەر پشتی زینە کوردیەکەی ئەسپە ئەشەڕ .**
**ئۆتۆبووسەکە، کە وەک کیسەڵ دەڕۆیی، بۆ نیوەڕۆ گەیشتە قاوەخانەی مەڵلالەر و لەوێ هەر کەس چاییە، نانێ شتێکیان خوارد و دیسان بەرەو میاندواو ڕێکەوتین . بو تاریکانی ئێوارێ گەیشتینە ئاوایی قەرە مووسالیان{ سیمینە }. کابرای لێخۆڕ وتی " حەزرەتی عەبباسە ئان دۆسون ، ئیدی ناتوام ماشین لێ بخوڕم ، ئەمشەو لەم قاوەخانەیە دەمێنینەوە . ڕاستی دەکرد ، هێند ماندو بوین ، دەتوت لە کەلی کورتەکمان داوە . کەس تاقەتی نەمابو .**

شەو لە قاوەخانەی  قەرە مووسالیان  ماینەوە . بەرپرسی قاوەخانەکە، مینە خان بو ، کە پییان دەوت  مینە خانی قەرە مووسالیان  و پیاوێکی لەڕ و زۆر قسە خۆش بو ، وام لەبیرە  کورێکی بو بە ناوی ئەحمەد؟ کە  شاگردی بابی بو.  مینە خان لە پاشان هاتە بۆکان،  لە نزیکی قەپانی  حەمەدەمین ئاغا،  چێشتخانەیەکی دانا ، کە کفتە و شۆرباوەکەی زۆر بە ناوبانگ بو . شەو  پاش ئەوەی بە کاووخۆ نان و چاییان  خوارد، لە نێو ئاوایی قەرەمووسالیانە وە،  بە پێی باوی ئەو کاتەی کوردی.
لاوێک هات و وتی "لاوانی قەرەمووسالین دەڵێن : یا دەبێ  جۆرابێنمان لەگەڵ  بکەن  یا ... " . ئێمەش کە دوێلی  گۆرەوی بازیان پێ دابوین ، خۆمان نەشکاند و  وتمان تەشریف بهێنن ،  بە خزمەتیان دەگەین !. نزیک کاتژمێری 10 ی شەو ،   شەش نەفەر لە ژێر چاودێری لاوێک دا بە ناوی کاک خانی ئازادیخوا ،  هاتن و شەش نەفەریش لە ئێمە ، بوین بە تیمی رۆیاڵ  بۆکان و هەر چەند دەڵێن  کەڵ بە وەتەن  شەڕ دەکا ، گۆرەوی بازیان  بە  تیمی ئێمە دانا و بڕێکیان خورما و کشمیش و شت  کڕی و هێنایان، کە خەڵکەکە بە  شەوچەلە هەموویان  خوارد . بەداخەوە پاش چەند ساڵ بیستم ،  کاک خانی خۆشەویست .  لە کن ئاوایی قەرەمووسالیان  هەورە تریشقە  لێی داوە و مردوە – رۆحی شاد .
شەو نوێن بو خەوتنی  سی چل نەفەر نەبو . هەر کەس بۆ خۆی لە لایەکەوە هەڵاژا و لەبەر ماندویەتی، هەر کە  سەریان  کردە سەر سەرین یا سەر دەستی   خۆیان ، بێ ئەوەی هێرشی  گەزۆک و خەزۆک بیانترسێنێ  ، خەوێکیان لێ کەوت وەک  گۆلی  زرێبار قووڵ و تا بەیانی کەس  ئاگای  لە مەحموودی بێ زەواد نەبو ، مەگەر منی  ددان  ئێشاو .
بەیانی  پاش  خواردنی  بەرقەندەی  چایی  شیرین  و  پەنیری  کوردی  ،  دوای  ئەوەی  هەر  پیاوێک نزیکەی  دە جووت هەندیلی  لێ دا ، ئۆتۆبووسە شین ، کە مارکی  " استیود بیکر" ی پێوە بو ،   لە پاش ئەوەی  بەقەت  ئاورپڕژێنی  وێزووڤ، چەقە دووکەلی کرد ، لەگەڵ  دەنگی  {ئەلاە ئەکبەر } ی  ئەسغەر ئاغای  لێخوڕ ،  هەڵ  بو و بە شەکان شەکان و لار و لەنجە ، بەرەو میاندواو خللار بوینەوە .  دیسان لە قەراغ  هەر ئاوییەک ،  بڕێک  موسافیر  دادەبەزین یا سوار دەبوون  ،یا  جاری وا بو ماشین  ناساز دەبو  ، بە پردی رووخاو دەگەیین ،  باری پێستە و ریخۆڵە  لار دەبو و   هەزار کۆسپ و تەگەرەی دیکە،  تا  نزیکەی  کاتژمێری  2 ی پاش نیوە رۆ بە  ژانی ددانی منەوە، گەیشتینە شاری میاندواو.  من و میرزا مەحموود لە  مێهمانخانەی  ئازەرەپێت دابەزین . ئازرە پێت کە ئەرمەنی بو ،  زۆر دۆستی کورد بو و ناشمەوێ ئەمە بشارمەوە ، کە تورکی میاندواویش هێشتا ئەو کاتە لە ژێر کارتیکردنی دۆستایەتی نێوان  کۆماری کوردستان و کۆماری ئازربایجان دا ،  کوردیان لە ئێستا زۆر زیادتر خۆش دەویست و هێشتا  باسی شانتاژی نەغەدە و قوڕۆە و شت  نەهاتبوە گۆڕێ .
شەو لە موسافیرخانەی ئازەرەپێت ماینْەوە. ددانم  زۆر دەیەشا، ئاواتم دەخواست کە هەر لە بنەڕەت ددانم نەبوایە . هەر چۆن بێ .  ئەوێ  زۆر  لە قاوەخانەی  قەرەمووسالین  خاوێنتر بو – بە لای کەمەوە، کارەبای بو و شەو لەسەر  تەختی فەنەری ،  لە  وەتاغێکی چوار نەفەری دا خەوتین . هێندە هیلاک بووم ،  جاری وا بو خەو بە سەر ژان و ئێشی ددانم دا ، زاڵ  دەبو و بە سەرپۆرت دەچوومە عالەمی  حەپەڕووت !
بەیانی ، لە پاش پرسیار و باس و خواس لە حەمە رەحیمی خات سەلتەنە { چیچە } ، کە کوردێکی دانیشتوی  میاندواو  بو  و لەوێ رێونێنی زۆر کوردی  دەکرد ،  هاتینە سەر ئەوەی کە بچینە لای ددانسازێک ،  کە دەیتوانی  ددان  سڕ بکا ، جا بیکێشێ . بە داخەوە  ناوی  ئەو  ددانسازە  تورکەم لە بیر نەماوە . بەڵام  بەبێ ئەوەی  هەوڵ بدا ،  ددانە کاکیلکە بێ زمانەکی من تیمار بکا ، پاش سڕ کردن، بە جارێ لە رەگ و ریشەی  دەرهێنا  و پاش چوار پێنج رۆژ ژانە ددان ،  هەستم  بە حەسانەوە کرد . بەڵام، لەبیرم نەماوە چەندێک پارەی  لێ سەندین .
من کە لە پاش  چەند رۆژ ددان یەشە ، ئارەزوی ئەوەم بو  نەهارێکی بێ ژان و ئێش بخۆم ،  چووینە پاساژێک لە نیو  شاری  میاندواو،  بە  ناوی پاساژی برنجیان  . لە نهۆمی  هەوەڵی  پاساژەکە ،

چلاوکەبابیەکی لێ بو ، هەر بە ناوی برنیجیان . لەوێ جێگەی ئێوە خاڵی ، بۆ نیوەڕۆژە چلاو کەبابمان خوارد ، کە لە برنجی سەدری ، گۆشتی بەرخ و ڕۆنی کەرەی ئاژەڵ دروست کرابو و بۆ خۆشتر بوونیش ، زەردێنەی هێلکەیان کردبوە نێو برنجەکە – دەتوانم بڵێم، ئێستاش تامیم لە بیر نەچوە ، سەعدی وتویەتی " بۆ عیسانی کوتراو ، نانی جۆ کفتەیە" .

بۆ شەویش هەر لە هۆتێلی ئازەرەپێتی مابندواو ماینەوە و بەیانی دیسان بە ئۆتۆبۆسێکی شپرزەتر، بەرە و بۆکان وەرێکەوتینەوە ، کە دیسان ئەو بەسەرهاتانەی لە بۆکانەوە تا میاندواو ، دوپاتە و سێ پاتە بوونە وە و لە بۆکانیشەوە بە سواری ئەسپ ، چووینەوە بۆ ئاوایی ساروقامیش.

سەفەرەکەمان ، نزیکەی شەش رۆژ درێژەی کێشا ، تازە ددانێکی زۆر پتەو و ساغیشیان بە گاز دەرهێنام ، کە ئەگەر ئێستا بوایە ، دەکرا چاکی کەیتەوە و نەیکێشی .

بەو باسەی سەرەوە ، بومان دەردەکەوێ ، پەنجا ساڵ پێش چەندێک لە چاو هەندەران لە پاش بوین – بەڵام ئێستا سێ بەرابەر لە پاشترین . کاڵەشم درا و هیچیشم پێ نەبرا .

+++++++++++++++++++++++++++++++++++

## بیرەوەری فێستیوالێکی کوردی بە بەشداری ماموەستا حەسەن زیرەک :

ڕێزدار سەید عەبدوڵلا گەیلانیزادە، کە بە حاجی عەبدوڵلا ئەفەندی بە ناوبانگ بو ، کوڕی نەمر شێخ عەبدولقادر شەمزینی(نەهری) و نەوەی شێخ عوبەیدیلای شەمزینی بو . چون شێخ عوبەیدیلای شەمزینی ، یەکێک لە ڕێبەرانی هەرە مەزنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد بوە ، هەر لەبەر ئەمە ، بنەماڵەکەیان و بە تایبەت خودی حاجی سەید عەبدوڵلا گەیلانیزادە ، جێگەی ڕێزی زوربەی خەڵکی کوردستان بوون .

ماڵی سەید عەبدوڵلاگەیلانیزادە، لە شارە دێی" دزێی "سەر بە ناوچەی مەرگەوەڕی مەڵبەندی ورمێ بو . ئەم مرۆڤە ڕێزدارە باوەکو کوڕە شێخ بو ، بەڵام خەڵک پتر بە رامیار دەیانناسی ، تەنانەت شێخ خۆشی زۆر جار دەیوت من مرۆڤێکی ئاساییم . ئەو بە لاوی ، ئەفسەری سپای تورکیا ببو و بە دەلیلی پاراستنی دۆزی کوردایەتی و کارگەلی رامیاری دیکە ،لە کاتی ئاتاتورکدا ،لە سپای تورکیا بێکاریان کردبو و تەواوی داراییە کەی لە ئەستەمبووڵ و ناوچەی هەکاریی(نەهری و شەمزینان) داگیر کرابو . خۆشی بە قەولی کوردی، وەک زۆر کەس و زور جاری دیکەی کوردستان ، لە دەستی ئاور پاڵی دابو بەمارەوە و بە چەشنێک پەناهێنەر دادەنرا .

ئاخری وەرزی بەهاری سەرەتای" چلەکانی" کۆچی هەتاوی بو ، کە کارتێکی بانگهێشتنیان لە لایەن حاجی سەید عەبدوڵلاوە بۆ هێنام ،تا بچم بۆ سەر شایی کوڕە گەورەکەی ، یانی دوکتور عەزیز شەمزینی ، کە کچی ڕێزدار سەید مووسای ڕاژانەی بۆهێنابو . دوکتور عەزیز شەمزینی ،یەکێک لەو شەست خوێندکارە بو ، کە لە لایەن کۆماری کوردستانەوە نێررابو بۆ یەکیەتی سۆڤیەت ، لەوێ وانەی خوێند بو و دەرەجەی دوکتورای وەرگتبو. کاکیشم– یانی دوکتور عەلی گەلاوێژ – هەر یەکێک لەو خۆێندکارانە بو، کە لەگەڵ دوکتور شەمزینی لە باکو دەرسیان بە یەکەوە خوێندبو، بەڵام دوکتور شەمزینی ، دوکتور حەسەن حیسامی ، دوکتور قادر ئاسۆ و ..، زووتر لە یەکیەتی سۆڤیەتی گاڕانەوە . کاکم ودوکتور رەحیم قازی ساڵی 1358، دوای هەڵاتنی شا هاتنەوە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان و چەن کەسی دیکەش وەک دوکتور کەریم ئەییوبی و ..، هەر لەوێ مانەوە .

شارەدێی دزێ ،کە دو هەزار کەسێکی حەشیمەت بو ، لە نزیکی نوختەی سنووری دەستکردی نێوان ئێران ، تورکیا و عێراقی ئەو کاتە هەڵکەوتوە ، واتە لە کێوی دالانپەڕ دوور نیە . سەید عەبدوڵلای گەیلانیزادە ، کە پیاوێکی زۆر رۆشنبیر و کورد خۆشەویست بو، بە بەهانەی شایی کردن بۆ سەید عەزیزی کوڕی ،لەو سێ پارچەیەی کوردستانەوە ، کە نزیک بوون ، خەڵکی زۆری بۆ سەر شاییەکە ی بانگ کردبو . لە راساتیدا ئەم پیاوە رێزدارە ،لە جێی شایی و ژنگوێزانەوە ،فێستیواڵێکی گەورەی فەرهنگی کوردی پێکهێنابو ، کە لەو کاتەو تەنانەت لە م کاتەشدا ، کەس بە خەویش نایبینێ. بۆ ئەم جەژنە ، بە تایبەت لەزۆر لە قەڵەمبەدەستان، هونەر مەندان و کەسایەتی ناوبەدەرەوەی کوردی گێڕابوەوە وبە ئانقەست وای لێکردبو ، کە شاییەکە ببێتە کۆبوونەوەیەکی نێو دەوڵەتی کورد.

رەنگە هەزاران میوان لە شارەدێی دزێ کۆ ببوونەوە . هێندە میوان زۆر بو ، کە زۆربەی خەڵک لە ماڵان و لە نێو خێوەتدا ، دەخەوتن . بەرپرسی نەزمی کۆڕەکە ، رێزدار محەممەد ئەمین حاتەمی(چیچۆ) بو . لە نێو میوانەکاندا ، مروڤی زۆر سەربەدەروت دەدی . یەکێک لەوانەی کە وەک میوانی سەر شایی هاتبو بۆ ئەوێ ، مامۆ ستا ، حەسەن زیرەک ، ماموەستا محەممەد ماملێ و ماموەستا مەلا حوسەین عەبدوڵلا زادە بون . خەڵکی بەناوبانگی دیکەشی لەزوربەی ناوچەکانی ئەو سێ پارچەیەی کوردستانەوە زۆر لێ بو، کە بەداخەوە چون نزیکەی چل ساڵ لەوە دەگوزەرێ ، زوریم لەبیر نەماوە و ناشبێ هەر لەخومەۆە شتی لێ زیاد کەم . زوربەی میوانەکان لە بواری رامیاری ، فەرهەنگی ، هونەری ، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا ، هەڵبژیردرابوون و لەگەڵ مریدگەلی بێژماری بنەماڵەی شەمزینان، لەوێ کۆ ببونەوە .

سێ رۆژ شاییەکە درێژەی کێشا . چون بە چەشنێک شایی هی ماڵی شێخ بو ، خەڵک پێیان وابو ، هیچ هەواڵێک لە هەڵپەرین و گۆرانی وتن نیە ، بەڵام سەید عەبدوڵلاگەیلانیزادە ، کە پیاوێکی دەرسخوێندو ، رۆشنبیر و تێگەیشتو بو ، بەرگری لە هەڵپەڕینی خەڵک نەکرد و شایی نێودەوڵەتی کورد دەستی پێکرد . هەر هۆزێک لە کورد ، بە شێوەی ناوچەی خۆی هەڵدەپەڕی ، وەک شێوەی هەکاری ، موکری ، هەولێری ، سەقزی و شتی وا . چەشنە هەڵپەرکێیەکی کوردیم دی ، هی کوردستانی داگیرکراوی تورکیا بو ، کە بە دو نهۆم هەلدەپەڕێن – واتە لەسەر شانی یەک . بە دەیان لەونی کوردیش گۆرانیان دەوت و ئامێری مۆسیقایان لێ دەدا .جاری وابو لە حەوشە هەڵدەپەڕین ، جاری وابو لە کۆلان و کاتی واش بو لە سەر چیمەن و لە نێو خێوەتتدا .

شەوانەش کۆڕی فەرهەنگیمان بو ، کە تێیدا باس لە مێژو ، هۆنراوە و فۆلکلۆری کورد و شتی وا دەکرا . جاری واش بو ، ئەم باسە لە نێو خێوەتەکاندا بەرێوە دەچو . من بەناو میوانی شاری بۆکان بووم .تا جێگەیەک کە لەبیرمە ،لە بۆکانەوە حاجی باباخان کەریمیش بانگ کرابو ،کە یەکێک لە مەزنە پیاوانی ئەم شارە بو و لەو کەسانە بو ، کە باسی مێژویی ناوچەی موکریانی زۆر بە پسپۆڕی بۆ دەوتین . لە تارانیشەوە زۆر کوردی سەربەدەرەوە هاتبوون ،کە وام لە بیرە یەکێکیان ماموەستا جەمیل رۆژبەیانی بو . زۆر کەسیش ژن و منداڵیان لەگەڵ خۆیان هێنابو، بەڵام ژووری دانیشتنی ژن و پیاوجوێ بو . میوانی هەر شارێک ، لە خەڵکی نێو شارەکە ، سەرپەرەشتی تایبەتی خۆی بو . بۆ وێنە سەرپەرەشتی میوانگەلی مەهاباد ، بەهەشتی میرزا کەریم خوسرەوی و هی بۆکان( هی ئێمە ) بەهەشتی حاجی باباخان کەریمی بو .

وتم که ماموەستا حەسەن زیرەکیش لە تارانەوە( وابزانم لە گەڵ خێزانی ) بانگ کرابو. جا ، ئێستا بە پێی ویستی برای دڵسۆز، کاک برایم فەرشی ، هێندێک سەبارەت بە کاک حەسەن زیرەک باس دەکەم ، بە سەر چاوان ، ئەومە نەختێک لەو تۆزەیە ، کە لەبیرم ماوە :

لە ماوەی سێ رۆژی شاییەکە دا ، کاک حەسەن زیرەک لەوێ بو . لیباسی کوردی لەبەردا بو. هەر چەن نزیکەی دە ساڵی مابو بۆ نەخۆشی شێرپەنجە و کۆچی دواییەکەی ، بەڵام زۆر بە کەیف نەدەهاتە بەر چاو .لە یەکێک لە گەڕەکاندا ، گۆرانی "شاییە دەگەڕی" ی وت ، کە هۆنراوەکەی بەم چەشنە دەستی پێ کرد :
شاییە دەگەڕێ ئامۆزا گیا ن ، هەی ! وەرە ببینە
دو کەس لەم شاییە عەزیزم ، دڵیان غەمگینە
قەت نەمدی بێجگە لەو جارە ،لە شاییەکەدا گۆرانی بلێ ، هەر لە ژوورەوە یا لە نێو خێوەتەکان ، بە چەشنی مەجلیسی گۆرانی دەوت .

ئەو کاتەش خەڵکی ئەم دیارە هەر کوتراوی تەرزەی مردوپەرەستی بوین . کەم کەسمان دەمانزانی، کە لەگەڵ یەکێک لە بەناوبانگترین سترانبێژانی مێژوی کورد دا ، هاوسەفەرین . تەنیا شتێک کە بوونی لەوێی ئەوی لە نەبوونی جوێدەکردەوە ، هەر دەنگە خۆشە کەی خۆی بو .لەو سێ رۆژەدا ، زۆرجا،مات دەبووم و بە سواری پاپۆری خەیاڵ ، سەوڵم لێدەدا بۆ نێو زەریای شینی ژینی شەست ساڵی داهاتوی کورد ، کە لە نێو ئەو زەریا روونەدا ،کیژان و کوڕانی هەستاوەوەی لەخەو راچەنیو، لە گۆڕەپانی رێنێسانسێکی هەرە زەنوێری مێژوییدا ، پەیکەری خۆشەویستی بولبولی کوردستانی گەورەیان ، بە چەشنی یۆنانیە هەستیارەکانی بەر لە زایین ، بە تەشوێی فیدیاسی گەل ، وەک هەیکەلی هێرکوولی هونەر ، لە دورگەی هەستی پێزانین و وەخۆهاتنەوە دا ، بە بەردە چەخماخی زبری کێوی ناڵەشکێنە دروست دەکرد – کە دوور نیە ئەم فیدیاسە تەشوێ بە دەستە و ئەم کاوە هونەرمەندە ، خۆشەویستی خۆشەویستانی گشتمان ، کاک محەممەد رۆستەمزادە ( نامۆ)بێ. لەو کاتەدا ،لە ناکاو دەگەڕامەوە بۆ نێو چل ساڵی دوایی و دەمدی کە هونەرمەندێکی شازی خۆماڵی ،لەو کۆڕەدا وەک پیاوێکی رەبەنی ئاسایی ، لە نێو خەڵکێکدا دانیشتوە ، کە تەنانەت ژمارە ناسنامەی خانم گووگوش ، ئێمیل ساین ، عەبدولحەلیم حافزو... یان لەبەرە ، بەڵام بەو چەشنەی پێویستە،هونەرمەندەکەی خۆیان بە چاکی ناناسن – هۆنراوە :

بەم تام و بۆنەی لە کن قەترانە
هەنگوین و کاڵەک گورچکبڕترە
سۆران تۆش کوردان لۆمەی حەق بکە
تانەی دوست لە تێغ دوژمن دڕترە

نزیکەی پێنج ساڵ پاش ئەوەش ، لە وەرزی هاویندا ، لە حەوشەی رێستۆرانی هوتێل رەئووفی سنە ، لەگەڵ چەند نەفەر هاوکاری ئوتریشیم ( ئەو کاتە لە شەریکەی آ . پۆڕ ی ئوتریش کارم دەکرد) ماموەستا حەسەن زیرەکم دی ، کە لە نێو خەڵکەکەدا دانیشتبو و شامی دەخوارد . منداڵێکی نزیکەی حەوت ساڵانە لە نێو میوانەکاندا،هەر تاوێ نەتاوێ قاوی لە بابی دەکرد و دەیوت : بابە گیان دە بە حەسەن زیرەک بێژە ، گۆرانی ناڵەشکێن (ناڵەشکێنە)مان بۆ بێژێ . ئەویش لەپاش هەوڵێکی زۆر ، هەر لە حەوشەکە ، لە نێو خەڵکەکەدا گۆرانیەکەی بۆ وت، بەڵام کەسێک لە دانیشتوان بەو جۆرە ی کە دەبو ، بەرەو پیری نەچوون . من لە گەڵ دوکابرا ئوتریشیەکە ، شەو تا نزیکی دوای نیوەشەو ،

کەڵکمان لە هونەری ئەو بەرێزە وەرگرت ، قسەمان دەکرد( من وەرگێڕ بووم ) و جارجار گۆرانیە کیشی بۆ دەوتین . یەکێک لەو ئوتریشیانە ، Herr Schleifer بو ، کە پاشان لە رووداوێکدا لە بۆکان تێدا چو .من کە هێندە تاریفی هونەری مامۆستا حەسەن زیرەکم دەکرد ، ئەو دو پیاوە لاوەکیە زۆریان پێ سەیر بو – پێیان وا بو یا رەنگە حەسەن زیرەک لەو پللەو پایەدا نیە کە من دەڵێم ، یا خەڵکەکە قەدری هونەرمەندی زیندوی خۆیان نازانن ؟ . بە بیر و رای ئێوە کامە یان دروست بوە ؟ دیارە ئەم شتە تەواو نەبوە و هەر درێژەی هەیە و ئێستاش هەر وێنەی ئەممەمان هەیە – مامۆستا قالە مەرە ، دەروێش عەبدوڵلای موکریان . بە وتەی مووروە دەنگیلە ، چۆن هونەرمەندێک دەتوانێ مێشکی گەلێک لە هونەر تێر بکا ، بەڵام گەلێک ناتوانێ زگی تاقە هونەرمەندێک لە نانی وشکی تێربکا! زۆر شتی نەوتەنی دیکەش ؟؟؟.

++++++++++++++++++++++++++++++++++++++

## بۆکانم چۆن دی ؟

(باسی مێژویی وەک شەراب وایە، تا کۆنتر بێ بایەخدارتر دەبێ ، وەرن فێر بین خۆمان مێژووەکانمان بنووسین. رەنگە هەر ئەم چەند دێرە کە من لێرەدا دەینووسم ،ئێستا زۆر شتێکی هەرە سەرنجراکێش نەبێ،بەڵام لە داهاتودا ببێتە مەبەستێکی زۆر بەنرخ):

تەواوی ئەوانەی لێرەدا باسیانکراوە ، جێگەی رێزی تایبەتن ، بەڵام لەگەڵ داوای لێبووردن دا ، عەرزتان دەکەم بۆ ئەوەی دەقەکە تێمی مێژویی خۆی بپارێزێ، لە بەکارهێنانی وشەگەلی وەک : بەهەشتی ، ئاغا ، کاک، رێزدار و شتی وا ، چاوپۆشیم کردوە .

ئەوانەی من دەناسن، دەزانن کە خەڵکی ناوچەی بۆکانم کە ساڵی 1320(1941) لەو مەڵبەندە لە دایک بووم .جا،بە پێی ئەو شتانەی کە دیومن و بیستوومن، لێرەدا بۆتان دەگێرمەوە م، کەمن شاری بۆکانم چۆن دی. با ئەمەش بڵێم ، کاتێک شتێک سەبارەت بە پێشو دەنوسین ،دەبێتە برێک لە مێژو و دەبێ هەرچی راست نەبێ ، نەینووسین ، منیش هەمیشە ئەم مەرجە لەبەرچاو دەگرم،هەر لەبەر ئەمە لێرەدا،ئەگەر لە شتێکدا شکم ببێ ،وشەی نزیکی یا رەنگە ، بەکار دەبەم.

رەنگە ساڵی( 1323)ی کۆچی هەتاوی بو؟،کە چوومە بۆکان . لە دێی ئێمە (سارووقامیشی جەغەتو) ددانساز نەبو ، بۆ کاری ددانسازی دایکم چوین . ئەو کاتە لەوێ هۆتێل و شت نەبو ، هەر بەم پێیە چوینە ماڵی حەسەنی نەورۆز .دایکم دەیویست بچێتە لای ددانساز ، بەڵام چون سیپاڵی کوردی لەبەردابوو لیباسی ئاڵامۆدی! نەبو ، بەرۆژدا قەدەغەبو بێتە دەرەوە و مەجبوور بوین ، بە شەودا بچینە لای ددانساز . ئەمە هەوەڵ بیرەوەریەک بو ، کەسەبارەت بە بۆکان لە زەینمدا ماوە .

لە ساڵی 1331 ی کۆچی هەتاویەوە ،ئیدی 11 ساڵانە بووم وهاتوچۆی بۆکانم،. زۆر دەکرد . ئەم خاڵانەی خوارەوە،سەبارەت بە بۆکانی نێوان ساڵەکانی1331 تا 1340ە.

### 1-چوارچێوەی شار:

-نوختەی باکوور : فەلەکەی گاراژی حەممەدەمین ئاغا،کە ئێستاش هەر فەلەکەیە و لای بازاڕی دۆلارفرۆشەکانە .

– نوختەی باشوور:نزیک شارەوانی ئێستا .

– نوختەی رۆژهەڵات: کاروانسەرای رەشیدە سوور( شەقامی سەقز) ، واتە قەبرستانی سەردار.

–نوختەی رۆژاوا : ماڵە قەدیمیەکانی میرزا حەسەنی کەریمی(برای حاجی بابەخان).

–درێژایی و پانایی شار: –لە باکوورەوە بۆ با شوور: نزیکەی پێنجسەد میتر .
– لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژاوا : نزیکەی سێسەد میتر .
– رووکار : نزیکەی پازدە هەزار میتری چوار گۆشە .

### 2– پزیشک :

دوکتورێکی ئەلمانی لێبو ، بە ناوی( فرویهلیش )؟ . ئەم پزیشکە ژنەکەی و دو منداڵی پێ بو.ژنەکەش کاری لەگەڵ دەکرد و جیگەی کاریان خانویەک بو بە ناوی دەرمانگا ، کە نزیکەی دوسەد میتر لە باشووری حەوزە گەورە ، لە قەراغ شار بو . دەرمانگە خانویەکی یەک نهۆمی زۆر چکۆلە بو .تەنیا کارمەندێکیش کە بوویان ، ناوی میرزا ئەحمەدی ئوەیسی بو ، کە پێیان دەوت ئەحمەدی دەرمانگا ، ئەم میرزا ئەحمەدە ، خەڵکی دێی قازلیان بو. منیش ئەو کاتە (نێوەراستی سیە کان)، لەو دوستی کەسە بوم،کە زمانی ئینگلیزیم نەختیک دەزانی ،جارجار وەک وەرگێربە چەشنی ئیفتیخاری کارم لەگەڵ دەکردن . لەپاش ئەم دوکتورە ، پزیشکێکی دیکە هات، کە ئوتریشی بو . ئەم دوکتورە ئوتریشیە،ساڵی 1338 لە بۆکان کاری دەکرد .

### 3– شەقام و کۆڵانەکان:

لە پێشدا ، شتێک بە ناوی شەقام لە بۆکان نەبو ، بەڵکە دووکان و بازارێک بو ، لە نزیکەی گوزەری جلدوورەکانی ئێستا(باکووری حەوزگەورە) ، پێیان دەوت بازاڕ،کە لە کۆڵانێکی تەسکی لاردا بو . زوربەی دووکانە کان لەوێدا بوون . لە ساڵەکانی 1330هەتاویدا،شەقامێکیان لێدا، بە ناوی خیابان پهلوی ، لە باکورەوە بۆ باشووری بۆکان . وردە وردە ، دووکاندارە دەوڵەمەندەکان، لە سەر ئەم شەقامە دووکانیان دانا. ئەم شەقامە ، هەر شەقامە سەرەکیەکەی ئێستایە ، کە لە عەلیبادەوە تا کولتەپە درێژەی هەیە . تا ئەو شەقامە دروست نەکرا ، هیچ جێگەیەکی بۆکان قیرتاو نەبو . کۆڵانەکان پاکی خۆڵ بو و ئەگەر نەختێک باران دەباری، دەبوە باتلاغ.

### 4––ئاو:

خەڵکی بۆکان ، تا ئاخروئۆخری ساڵەکانی 30 هەتاوی ، بۆ ئاوی خواردنەوەزۆرتر هەر لە حەوزە گەورە کەڵکیان وەردەگرت. پترئافرەتان بە گۆزەی سەرشان ،لەو حەوزە ئاویان بۆ خواردن دەهێنا . بۆ ئاوی دیکەش زۆرتر، کەڵکیان لە کانی ، ئەستێر و جارجار لە چۆمی تەتەهو وەردەگرت ، کە لەنزیکەی چوارسەد میتری رۆژاوای شار بو .

### 5– ردێن سپیەکان:

لە ئەو ساڵانەدا، ردێن(ریش) سپی زۆر لە کۆمەڵدا نەخش و رێزی بو ، هێندێک لە ریش سپیەکانی بۆکان ئەمانە بوون :

حاجی بابەخانی کەریمی ، عەبدوڵلای باراماغا، عەبدولکەریمی خات شەکەوت، حاجی برایمی حەبیبزادە،حاجی حەمەرەشیدی محەممەدیان و چەند کەسی دیکە .

تێبینی: ئەم رێزدارانە هەر بەم ناوانە بانگ دەکران ،منیش هەر لەبەر ئەمە ، هەر وام نووسی .

### 6–خانوەکان :

خانوەکانی بۆکان ( بێجگە لە چەند دانەیان)،زوربەی لە بەردی نەتاشراو ، خۆڵ و قوڕ دروست کرابوون و دارەڕاکەشی لە دار بو ، واتە هیچ ئاسنەواڵەی تێدا بەکارنەبرابو. بەڵام دوایی کەم کەم،بەکارهێنانی ئاسنەواڵە پەرەی سەند . زۆر لە خانوەکان یەک نهۆم بوون ، خانووی دو نهۆمیش کەم بو و خانوی سێ نهۆم وئاپاڕتمان هەر نەبو. تا ئەم دواییانەش ، یەکێک لە خانوە باشەکان ، خانوەکەی حەمەدەمین ئاغی یەلخانی زادە بو، کە نیوەی بۆکان هی ئەوان بو . ئەم خانوە،کە لە خشتی سوور (ئاجور) دروست کرابو و دو نهۆم بو ، لە قەراغی باکووری شار هەڵکەوتبو. گومبەزی سەرداریش،کە لە رۆژهەڵاتی شار بو ، قەبری سەردارەکانی لێ بو و ئاجوری تێدا بەکاربرابو. بۆ وێنە حاجی حەسەن سامبەگی ، نزیکەی

ساڵی 1338 ،خانووبەرەیەکی نزیکەی 600 میتری بە 18 دووکان و دەیان وەتاغەوە ، فرۆشت بە حەفدە هەزار تمەن ، کە لە نوخنەی باکووری بۆکان بو، تازە خەڵک دەیانوت : گران فرۆشراوە. قەڵای بۆکانیش،کە لە زەمانی سەردارەکاندا دروست کرابو، قوتابخانە بو . جێگەیەکی دیکەش بو ، لە باکووری رۆژهەڵاتی بۆکان – لە قەراغ شار ،کە پێیان دەوت **قولەکە**. کە یانەی ژاندارمیری لەسەر ئەو تەپۆڵکەیە بو و لە راستیدا پۆلیسی دێ (گوند) بو .

**7–رێستۆران:**

نزیکەی ساڵی 1333 ، تاقە رێستۆرانی بۆکان ( نەک قاوەخانە) ، رێستۆرانی مینەخانی قەرەمووسالیان(سیمنە) بو ، کە لای قەپانەکان ( ناوەندی ئەو کاتەی بۆکان )، هەڵکەوتبو.مینە خان لە پێشدا ، لە قەرەمووسالیان قاوەخانەی بو بەڵام دوایی هاتە بۆکان . چێشتی بەناوبانگی ئەو رێستۆرانە، کفتە و شۆرباو بو .لەو رێستۆرانەدا ، چەند دانە کەویشی لە نێو قەفەسدا راگرتبو ،کە زۆرجار دەیانخوێند، بەڵام نەمدەزانی لەو کەوانە بوون ، کە **هۆزی خۆیان دەخەنە داوی بێگانە** یا لەو کەوانە بوون ، **کە بانگی ئازادی دەخوێنن؟**. بەڵام کەوەکان باش بوون یا جاش نازانم،ئەمما خودی مینە خان پیاوێکی لەبەردڵ بو–بە تایبەت خزمی بەهەشتی یۆنس خانی قەرەمووسالیان کە فەرماندەی بەشێک لە هێزی پێشمەرگەی کۆماری کوردستان بو – یادی بەخێر.

**8– هاتوچۆ و رێگەوبان:**

لە هەوەڵی سیەکاندا ، رەنگە تەنیا یەک ماشێنی **زەردی** کرێکێشی ( وەک تاکسی لێبو)،کە چەشنی کەمانکاربو و هی حەمەسالەی حاجی عیسمەت خانم بو . حەمەساڵە لێخوڕی ماشێنەکە و حاجی عیسمەت خانم ، خاوەنی ماشینەکەبو. وردە وردە، ماشێنی دیکەش پەیدا بو ، کە یەکێک لەوانە ئۆتۆبووس بو . نزیکی ساڵی 1333 ، کە لە بۆکانەوە بە ئۆتۆبووس چوین بۆ میاندواو ، 8 سەعات لە رێگەدا بووین – مەجبوور بوین ، شەو لە قاوەخانەی قەرەمووسالیان بخەوین .ڕێگەکەش قیرتاو نەبو و زۆر ناخۆش بو . لە سیەکاندا،بۆ زۆرتری خەڵک کەرەسەی مۆدێرنی سەرەکی باربردن ، عەرڕابە بو . عەرڕابە دو چەرخی بو ، کەڵ یا گا دەیکێشا و بانەکەی سێ گۆشە بو . دیار چارەوێ ، گوێدرێژ ،هێستر و وشتریش کەڵکیان لێ وەردەگیرا . بە بەهاریشدا ، کە چۆمی تەتەهو زۆر بو ، چون پردی نەبو ،بۆ هاتوچۆی ئەوبەری چۆم، لە لۆتکە (گەمی )کەڵکیان وەردەگرت،کە بە کلکە دەرۆیی. کاروانیش هێشتا هەر مابو. بۆ وێنە **رەشیدە سوور** کاروانسەرای بو و کاروانی دەبرد بۆ ناوچەی سەردەشت و دارستان. کەرەسەی باربردنی کاروانەکە هێستر، گوێدرێژ و یابو( چارەوێی باری) بوون .ئەم چەشنە کاروانانە زۆرتر شتومەکی دووکانەکانی شاریان دەبرد ، لە ناوچە لێڕەوارەکان دەیانفرۆشت و لەوێوە ، رێژی ، مازو و ترێ و شتی دیکەیان دەهێنا بۆ بۆکان .کاروانسەراکان ، لە جێی هۆتێلیش کەڵکیان لێوەردەگیرا.

**9– سەیرانگە کان :**

سەیرانگەکان بریەتی بوون لە باغی میراوا،سەردەرابادو چەند جێگەی دیکە . باغی میراوا بڵاڵووک(ئاڵوباڵو)ی زۆر چاکی بو و بە تایبەت لە مانگی بانەمەڕەوە هەتا خەرمانان ، سەیرانگەی خەڵکی بۆکان و دەورووبەر بو .

**10– خاوەنملکەکان :**

بۆکان هی دو بەرەباب لە هۆزی دێمۆکری ، واتە بەرەی حاجی بایزاغا (موهتەدی ) و بەرەی مەحموودئاغا( یەلخانیزادە ) بو ، کە لە ئاخرین سەردار ، واتە عەلی خان سەرداریان کڕیبو. عەلی خان سەردار لە هۆزی بوداق سوڵتان بو و لەگەڵ بەگزادە ( فیزوڵلا بەگی) ە کان و خانزادەکانی بۆکان خزم بو . خاوەنملکەکانی گوندەکانی دەورووبەریش ، بە چەشنی سەرەکی ئەمانەبوون: دێمۆکری ، بەگزادە (فەیزوڵلابەگی) ،گەورک ، خانزادە و چەند بنەماڵەی دیکەش .

## 11– یانە کان :

بۆکان ناوەندی بەخشداری بو – بەخشدارەکان یا ترک بوون یا فارس – وەک ئێستا پیاو قاتی بو؟؟؟. شارەوانی ، ژاندارمیری، دارایی (ماڵیات سەن) ، سەربازگیری و ڕەنگە چەند یانەی دیکەشی لێبو .لە ئاخری سیەکاندا، یانەی شێر و رۆژ(شیروخورشید) یش ، بەرپرسی کاری ساغیەتی بو .

## 12– کەش و هەوای رامیاری و فەرهەنگی:

خەڵک خویان بە کورد دەزانی و بڕیکیشیان کوردایەتیان دەکرد ، بەڵام کارەساتی کۆماری کوردستان وەک ئاوری ژێر خوڵ بو ، کە خەباتی ئەو کاتەی سەرۆک مستەفا بارزانی و هۆنراوە کانی مامۆستای گەورەم (قانعی بەڕێز)، بەین بەین ئەم ئاورە پیرۆزەی بە گڕدەگەشاندەوە . بەڵام کەسێک کەنووسینی کوردی ئەدەبی باش بزانێ زۆر زور کەم بو،بۆ خوێندنەوە شارەزاتر بوون .نامە نووسین بە کوردی لە باروت قاچاغتر بو و ئەگەر کتێبی کوردیت ببوایە ، ڕەنگە چەند ساڵ بگیرایەی ! . سیتمی کۆمەڵیەتیش ئەرباب و رەعیەتی بو ، کە بە بیر و رای من ، یەکێک لە هۆ سەرەکیەکانی بەدواکەوتنی گەلی کورد بوە.

## 13– سیپاڵ:

زۆرتری سیپاڵی خەڵک کوردی بوون ، بە تایبەت ژنان و پیاوانی لادێ پێیان شوورەیی بو سیپاڵی فەرەنگی لەبەرکەن . بەڵام کوڕ و پیاوە با سەوادەکانی بۆکان،کۆت و شەڵواریان دەکردە بەر ، کراواتیان دەبەست و مێزەری کوردیاندەبەستەوە . ئافرەتانی نێو شاریش ، سیپاڵیان کوردی بو ، بەڵام زۆریان چارشێویشیان دەدا بە سەردا. پەستەک سەرکلاو، کەوای مرادخانی ، سۆرانی ،پووزەوان، تەقیلە ، تازکلاو ، شەدە ، هەوری و شتی واش داب بو. ژنان وەک هەمیشە خشڵی زێڕیان پێ جوان بو . ئەم خشڵانەشیان بەکاردەبرد: زەنگیانە ، پووڵەکە ، حاجیلە ، پرپرە، گێلگیلە، کووژەکە، بازیبەند، تازکلاو ، قاش، ملوانکە ، گۆ ، بازنە ، پاوانە، گوارە ، کرمەک،ئەنگوستیلە و شتیددیکە.

## 14–حەوزە گەورە :

حەوزە گەورە زۆرتر وەک سەمبۆلی شاری بۆکان وابو . بێجگە لەوەی کە بۆ ئاوی خواردن کەڵکیان لێ وەردەگرت ، دەست و دەموچاویشیان لێ دەشۆرد ، کە دوکتورەئەلمانیەکە قەدەغەی کرد وتی ئیدی کەس حەقی نیە دەست و دەموچاو ی لێ بشوا . سەری حەوزەکە بەتاڵ بو ، واتە بن میچی نەبو . دەڵێن لە زەمانی سەردارکاندا ، تەواوی شایی و داواتی بۆکان و گوندە نزیکەکان ، لە سەر حەوزە گەورە بەڕێوە دەچو ولە پێش هەمو جێگەیەکدا، بووکیان دەهێنا سەر حەوزە گەورە – بۆ نێو شایی – جا ڕەنگە وشەی بۆکان ، هەر بووکان ( بووکەکان ) بێ. بڕێک لە ئەو دێیانەش کە زۆر لە بۆکان نزیک ئەمانەن : چاوان(عەلیاباد) ، کولتەپە ، حەمامیان ، گۆل ، کۆسە ، میراوا ، حەسار ، شێخلەر و کەرێزە ، کە نزیکترینیان ، میراوا بو.

## 15– ئایین :

نزیکەی 99 لەسەدی خەڵک، سوننی شافیعی بوون .ئەو کاتە بیر و باوەڕی ئایینی زۆر بەهێز بو. زۆرتری خەڵک مرید و مەنسووبی ئەم شێخانە بوون: شێخی بورهان،شێخی شەمزین،شێخی تەوێڵە(بیارە=دورو)،سەیدی زەمبیل ، شێخی جەنندتد دەرە و هی دیکە. شێخی شەمزین و بورهان ، بێجگە لە باری ئایینی ،باری رامیاریشیان بو، بە تایبەت شێخی شەمزین ، کەلە بنەماڵەی سەرۆکی مەزنی کورد ،شێخ عوبەیدیلای شەمزین بوون .

## 16– حەشیمەت :

رە نگەشارۆچکەی بۆکان ئەو کاتە دو هەزار ماڵ ( دە هەزار کەس )دەبو ، کەزوربەیان یا تیجارەتیان دەکرد یا کارمەند بوون . چەند دانەشیان کشتوکاڵیان دەکرد،وەک مالی میرزا . خەڵکەکە گشتیان کوردی سۆرانی بون ، بەڵام دانەدانە ترکیشی لێ بو، کە لە تەورێز ، میاندواو ، مەراغە و ئەوانەوە هاتبوون و لەوێ مابوونەوە و جێی ڕێزی خەڵک بوون . یەک دانە مەسیحیشی لێ بوبە ناوی کەریمی ؟،

که ئاسۆری بو و له ئاخری سیەکاندا ،کاری ددانسازی دەکرد .مێسرۆپ ی ئەرمەنیش ماڵی له بۆکان نەبو، بەڵام زیاتر له شار دارتاشی دەکرد – بەراستی دارتاشێکی شیاو بو . جووەلەکەش زۆرله بۆکان ببون ، بەڵام گشتیان چوبوونەوە بۆ ئیسرائیل .

17–ئابووری:

دووکاندارەکان ، له پێشدا زۆریان جوولەکە(یەهوودی) بوون . بەڵام هەر وەک وتم، کاتێک دەوڵەتی ئیسرائیل دروست بو ، یەکدانە جوولەکە له بۆکان نەما و گشتیان هەرچیەکیان بو هەڕاجیان کردو چوونەوە بۆ ئیسرائیل. زوربەی دووکاندارەکان له تەورێز،تاران ، وکوردستانی ئەودیو و جیگەگەلی دیکه خرێدیان دەکردوله بۆکان دەیانفرۆشتەوە. کووتاڵ و شتی بۆکانیشیان دەبرد ، دەیانفرۆشت. به گشتی داهاتی سادراتی ناوچه زیاتر بریەتی بون له : گەنم،جۆ،توتن،ئاژەڵ و بەرهەمه کشتوکاڵیەکان ، که زۆرتریان له شاری تەورێز دەفرۆشران .

18–کارەبا:

له هەوەڵی سیەکاندا، کارەبا نەبو و خەڵک له چرای نەوتی کەڵکیان وەردەگرت ، بەڵام چرای شیله گەرچەک نەمابو . شەوانە بۆ ئەوەی کە دزی نەکرێ ، چرای لەنتەری نەوتیان له بازاڕ به دارودیوارەوە هەڵدەواسی و بەیانی ، که هەوا روون دەبووەوە ، دایاندەگرت . بەڵام له ئاخری سیەکاندا،مۆتۆڕێکی کارەبا هاته بۆکان وله قه راغی رۆژاوای شار داین نا، که زوربەی کات ناساز بو .بەڵام، هەر له سیەکاندا ، چرای تۆڕ هاته بۆکان ، که به نەوت دەسووتا و پلێتەکەی تۆڕ بو .

تێبینی :

1–بەر له هاتنی کارەبا بۆ بۆکان ، ئەم دو ئاواییەی بۆکان به چەشنێک کارەبایان بو :

– دێی ترکاشه ، که حاجی فەرەیدوون ئەمیری (خاوەن مڵک )لەوێ مۆتۆڕی بەرقی شەخسی دانابوو سینەمایەکی بنەماڵەیی بو.
– دێی ساروقامیشی جەغەتو ، که لەوێ برایم سەلاح ، کەرەسەیەکی بەرقی (باتری) دروست کربو و بۆ کارەبا،به چەشنێکی مەحدوود کەڵکیان لێوەردەگرت.

2– لەساڵەکانی بیستدا، له زۆر دێی بۆکان ، بۆ رۆشنایی کەڵکیان له چرای شیله گەرچەک وەردەگرت، که بەرۆنی گەرچەک دەسووتا.من خۆم زۆرشەو لەبەر چرای شیله گەرچەک دانیشتووم و دەرسم خوێندوه .

19– زانایان و هونەرمەندانی بۆکان :

له سیەکاندا ، به تایبەت ئەم کەسایەتی و بنەماڵانه به تەوەرەی زانستی ده ناسران : 1–حاجی بابه شێخی جەمیان،بۆ زانستی ئایینی، که له کۆماری کوردستاندا ، سەرۆک وەزیر ببو . 2– حاجی رەحمانئاغا موهتەدی ( دێمۆکری )بۆ زانستی ئایینی ، که له کۆماری کوردستاندا وەزیر بو .

3– برایم سەلاح ( بەگزادەی فەیزوڵلابەگی) بۆ ئەەوەی چەشنه کەرەسەیکی کارەبای داهێنا(ئیختیراع)بو، نزیکەی ده زمانی دەزانی و پسپۆڕی زانستی جەفر بو – که له پێشدا فەرماندەی تەواوی هێزی کۆماری کوردستان ببو .

4– بنەماڵەی قزلجی .

5– کەسێک بو بەناوی ماموەستا شێخ حەسنی کازمی، که بەرپرسی فەرهەنگی بۆکان بو و خەڵک رێزێکی زۆریان لێدەگرت .

6– بنەماڵەی ئەفخەم ،بۆ رۆشنبیری .

7– کورێکی لاو به ناوی شێخی ، چون له ئەو کاته دا دیپلۆمی قوتابخانەی ناوەندی بو – کەمکەس دیپلۆمی بو . رەنگه هەر ئەم کورە بو له پاشان بو به پزیشک ؟.

له بەستێنی هونەریدا ، حەسەن زیرەک ناوبانگی پانکوردستانیسمی بو . ماوەستا هەژاریش کە منداڵی دێی تەرەغە بو ، وەک هۆنەرێکی نەتەویی دەناسرا . هۆنراوەکانی خاڵە مین و مەلا مارفی کۆکەییش لە سەر زمانی خەڵک بوون .
دیارە زانا و هونەرمەندی دیکەش کەم نەبوون ، بەڵام چون ناوی تەواوی ئەو خۆشەویستانە ، لە چوارچێوەی ئەم باسەدا ناگونجێ ،لەگەڵ داوای لێبووردن لە هەمویان ، هەر بەنووسینی ناوی ئەم چەند کەسە باسەکە رازی دەکەین.

تاران 1381/7/25 – ح.س. سۆران

++++++++++++++++++++++++++++++++++++++

تاران : 2003.01.11ی زاینی = 2702.10.21 ی کوردی

## برێک لە گۆرانی وێژانی ناوچەی موکریان !

ئێستا لە سەرویستی برای هەرە دڵسۆزم ، کاک برایم فەرشی ، تا جێگەیەک بیرم بڕەدەکا ، سەبارەت بە برێک لە گۆرانی وێژانی ناوچەی موکریان ،باستان بۆدەکەم . چون بەداخەوە هونەرمەندانی کورد ، بەو چەشنەی کە پێویست بێ ، رێزیان لێ نەگیرراوە و هەر لەبەر ئەمە ، لە نێو تەم ومژی نەناسراویدا ماونەتەوە ، ئەم نووسراوەیە ناتوانێ ژیاننامەیەکی تەواوی ئەو رێزدارانە بێ ،بەڵکە زیاتر لە لزگە ( لیستی) ناوی ئەو خۆشەویستانە دەچێ . دەڵێن زەرەر لە هەر کوێیەکدا بەری بگری قازانجە ، هەر لەبەر ئەمە باس کردن لەو خۆشەویستانە ، با کورت و درەنگیش بێ ، دیسان هەر لە هێچ باشترە و رەنگە ببێتە توێشەیەکی چکۆلە بۆبارەگەی مێژوی نەنووسراوی داهاتوومان :

ئەمەش لزگەکە :

1– هەمزە بەگ :

کوڕی سوڵتان بەگ و برازای فەیزوڵلا بەگی تیکانتەپەبوە . هەمزە بەگ دانیشتوی گوندی کرکڕەی سەر چۆمی جەغەتوی بەری موکریان بوە . ئەم هونەرمەندە مەزنە ،لەبەر دەنگخۆشی ێیان وتوە نەکیسا ( نەکیسای خەسروەی پەرویز ) . زۆر جار لەگەڵ مەجیدخانی برای ، بە دو قۆڵی گۆرانیان وتوە . بەناوبانگترین گۆرانی هەمزەبەگ لە نێو خەڵکدا ،گۆرانی سەوزەی هەمزە بەگ بوە ، کە لەم داوییانە دا ،بەهەشتی سمایل ئاغی عەبباسی ، خەڵکی چەوگانلی دەیوتەوە .

2– مەجیدخان :

مەجید خان برای هەمزەبەگ بوە و بە باربەد ( باربەدی خەسرەوی پەرویز) بە ناوبانگ بوە . مەجیدخانیش گۆرانیەکی بەناوبانگی هەیە ، بە ناوی سەوزەی مەجید خان ، کە ئێستاش بە تاسە وە ، خەڵک هەر دەیڵێنەوە . مەجید خان خەڵکی دێی سەقزلو ی سەر چۆمی جەغەتو بوە . لە ساڵی 1270 ی کۆچی مانگیدا مەجیدخان و هەمزە بەگ لاو بوون . مەجید خان و هەمزە بەگ ، لە بەستێنی هونەری کوردیدا وشەیەکی لفەدوانە بوون ، بەڵام نازانم کەی لەدایک بوون و کەی مردوون .

### 3–حەمە حەسەنی شایەر :

بەهەشتی حەمە حەسەنی شایەر ، دانیشوی گوندی قەڵەندەر بوە . قەڵەندەر دەکەوێتە 30 کیلۆمیتری رۆژهەڵاتی بۆکان . ئەم هونەرمەندە لە وتنی گۆرانیە رەسەنە کوردیەکان و لە وتنی بەیتی کوردیا ، زۆر دەنگخۆش ،لێهاتو و پسپۆڕ بوە . کاتی لەدایک بوون و مردنیما ن لێ روون نیە ، بەڵام دەزانم لە ساڵی 1946 دا زیندو بو ، چون لە رێورەسمی بردنی ئاڵا ی کۆماری کوردستان بۆ یەکشەوە ، بەشداری کرد و لە بۆکان ، لە دەم دەرگەی کاروانسەرای رەشیدە سوور ، لەگەڵ محیەددینی شایەر ، بەیتی دەدمیان بۆ خەڵکەکە وتوە ،کەزۆر جێگەی سەرنج بوە .

### 4–محیەددینی شایەر :

ئەم رێزدارەش زۆر دەنگخۆش و پسپۆڕ بو . بە وتەی کوردی گۆرانی بوتایە ، مەل بە ئاسمانەوە قەتیس دەما . لە وتنی بەیتیش دا شارەزا بو . محیەددین و حەمە حەسەن ، شایەری دەزگای سەرتیپی قەڵەندەر ( نەوەی فەیزوڵلا بەگ) بوون و لە لای سەرتیپ رێز و پلە و پایەیەکی بەرزیان بو – تەنانەت مووچەی تایبەتیشیان وەردەگرت . سەرتیپ لە بنە ماڵەی فەرمآنڕەوایانی موکری و بابی شەهید عەلی فاتیح بو ، کە لە دوای رووخانی کۆماری کوردستان ، لە گەڵ پێشەواو ئەوان لەدار درا و زۆر لاگری هونەری کورد بو .ئەگەرحەمەحەسەن و محیەددین بە عەلی بەردەشانی دابنێین ،بێ گومان سەرتیپیش درێژە دەری رێگەی پادشای بەبە بوە .

### 5– حەمە سوڵتان :

خەڵکی ناوچەی چۆمی مەجید خان بوە .حەمە سوڵتان زورتر لە شاییدا گۆرانی دەوت . هەر ئەوەندەم لە بیرە کە ساڵی 1947 زیندو بو . ئەمە یەکێک لە گۆرانیەکانیەتی ، کە لە شاییەکدا لە گوندی ترکاشەی بۆکان وتویەتی – هۆنراوەکەش دیارە خۆوێژیە، هی خۆیەتی و داوای شتێک دەکا :

هاتوم لای ساینقەڵا<br>
دوور بی لە دەرد و بەڵا<br>
ئەسپەکەم بێ وێنجەیە<br>
لە ماڵ میرزا عەبدوڵلا

نازانم رێزدار کاک حەمە سوڵتان هێشتا زیدوە یا خەیر، بەڵام هەر چۆن بێ ،ناوی هەمیشە زیندوە .

### 6– حەسەن زیرەک :

مامۆستا حەسەن زیرەک زۆر بە ناوبانگە و پێویست نیە بۆ ناساندنی شتێک بنووسم ، چون هەموکەس ، زۆر مەبەست سەبارەت بەو دەزانن . بەڵام من دو جار بەخزمەتی گەیشتم ،یەکێک لە چلەکانی کۆچی هەتاویدا ، لە لە سەر شایی بەهەشتی دوکتور عەزیز شەمزینی ،لەگوندی دزێ ،لە ناوچەی مەرگەوەڕ و جارێکی دی ،ساڵی 1348 ی کۆچی هەتاوی ،لە هۆتێل رەئوف،لە شارس سنە .کە بەداخەوە لەو دو چاوپێکەوتنەشدا ، مۆتەی مردوپەرەستی ، سوار بو و مامۆستا حەسەن زیرەک پیادە . لە شاییەکەی مەرگەوەڕ ، مامۆستا محەممەد مامڵێ و مامۆستا مەلا حوسەین عەبدوڵلا زادەش لەوێ بوون .

### 7– محەممەد مامڵێ :

چون مامۆستا محەممەد مامڵێش زۆر ناسراوە ، لێرەدا پێویست بە ناساندن ناکا و ناساندنی ئەو وەک ئەوە وایە ، رۆژ لە ئاسماندا بە خەڵک نیشان بدەی .

8– مەلا حوسەین عەبدوڵلا زادە :

ئەمیش زۆر بە ناوبانگە و پێویست بە ناساندن ناکا، بەڵام دەمەوێ یادێک لە یەکێک لەگۆرانیەجوانەکانی بکەم ، بە ناوی مەنیج بارگەکەی لێنا، کە بۆ خۆی جوغرافیایەکی چکۆلەی ناوچەی مەهابادە .

دیارە گۆرانی وێژی زۆرچاکی دیکەش لەم ناوچەیە زۆر بوون ، کە چون ئاگاداریەکی وام سەبارەت بەوان نیە ، باسیان ناکەم . بەڵام جێی خۆیەتی کە ئەوانەی بە چاکی دەیاننناسن ،باسیان بنووسین ، چون دەبێتە بەشێک لە مێژوی هونەری کورد . ئەمە ئەرکی سەرشانی پێنووسبەدەستانی زیندوە !

++++++++++++++++++++++++++++++++++++++

## پۆمپی ئاوی حەوزە گەورەی بۆکان چۆن بوە ؟

### پێشەکی :

سەردار سەیفەددین خانی موکری ،میری ناوچەی بۆکان ( دەوروبەری ساڵی 1200 کۆچی هەتاوی ) ، کوڕی سەردار عەزیزخانی موکری بوە . سەردار عەزیزخان لە ئەولادی بوداق سوڵتان ، لەکاتی بنەماڵەی قاجاردا لە ئێران ، فەرمانڕەوای کوردستانی خودموختاری موکریان و فەرماندەی تەواوی سوپای ئێران بوە . بوداق سوڵتانی باپیرە گەورەی سەردار عەزیزخانیش ، کە بە بوداق سولتانی موکری بە ناوبانگە و گڵکۆی پیرۆزی لە شاری مەهابادە ، لە کاتی پادشایانی سەفەویدا ( نزیکەی ساڵی 1000 ی کۆچی هەتاوی) فەرمانڕەوای تەوای ناوچەی خود موختاری کوردستانی موکری بوە ، بە چەشنێکی وا، کە بۆخۆی سکەی لێداوە و لە سەر سکەکان، بە عەرەبی نووسراوە " قرب فی ساوجبلاغ " .

### ناوەرۆکی باسەکە :

نووسینگە و جێی ژیانی سەردارەکان ، لە قەڵای بۆکان بوە . قەڵای بۆکان دەکەوێتە ناو شاری ئێستای بۆکان ، لە نزیکەی سێسەد میتیری رۆژهەڵاتی چۆمی تەتەهو ، کە رەنگە قەڵاکە حەفتا میتر بەرزایی بێ . حەوزە گەورەی بۆکان لە پای قەڵاکە دایە ،کە ئاوێکی زۆر روون و خۆشی هەیە و دەڵێن ئاوەکەی لە نووکی کێوی ناڵەشکێنەوە دێ ، کە ئەو کێوەش لە قەراغی رۆژهەڵاتی شاری بۆکانە .

قەڵای بۆکان ئاوی لەسەر نەبوە . سەردار سەیفەددین خانی موکری ، ویستویەتی ئاوی حەوزە گەورە بەرێتە سەر ئەو قەڵایە و ئەم کارە شی کردوە . دەڵێن نزیکەی چل ساڵ ئاوی حەوزە گەورە چوەتە سەر ئەم قەڵایە و بۆ خواردنەوە و شتی وا کەڵکیان لێ وەرگرتوە . بەڵام هەمیشە ، ئەم پرسیارە لە گۆڕیدا بوە کە چون دوسەد ساڵ پیش، ئەم کارە گرنگە سەنعەتیەیان کردوە ؟ من بۆ پەیداکردنی وەڵای ئەم پرسیارە تێکۆشام ، کە ئێستا وەڵامەکەی لە زمانی کاک محەممەد شکارچی ، خەڵکی ئاوایی یەکشەوەی لای شاری بۆکان ، هەر بەو جۆرە خۆی وتویەتی دەیبیستین :

من ساڵی 1306 ی کۆچی هەتاوی لە دێی یەکشەوەی لای بۆکا ن لەدایک بوم و هەر لەوێش دەژیام . چون لە یەکشەوە قوتابخانە نەبو ، ڕەنگە دە ساڵم تەمەن دەبو، هاتمە بۆکان دەرس بخوێنم . خاڵەکانم ، سەرهەنگ عەبدوڕڕحمانی پاک و سەعیدی حەریقی خەڵکی گوندی قوڕەبەرازی لای بۆکان ، لە قوتابخانەی بۆکان ، کە لە خانوبەرەکۆنەکەی سەردار ، لەسەر قەڵای بۆکان بو ، ماموەستا بوون و دەرسیان دەوت . منیش چووم لەوێ ناوم نووسی و دەستم کرد بە خوێندن . ئەو کاتە پۆمپەکە لەکار کەوتبو و ئاوی بۆ سەر قەڵا سەرنەدەخست ، بەڵام خودی پۆمپەکە لە قەراغی حەوزەکە هەر مابو . پۆمپەکە پەڕەی بو ، وەک پەڕەی تۆپی ئاشی ئاو . پەڕەکانی ئاسنەواڵە ( فەلەز ) بوون و لە سەر تەوەرە ( میحوەر) ێکی ئاسنەواڵە نەسب کرابوون – عەین تۆپی ئاشی ئاو . ئەم تۆپە لە بەر گونجەی ئاوی حەوزە گەورە دانربو ، کە ئاوێکی زۆر بە گوڕ و بە فشار لێی دەهاتەدەرەوە . خەڵک دەیانوت گوشار ( فشار) ی گونجەی ئاوی حەوزەکە ئەم تۆپە ی دەگێڕا ، تۆپەکەش بە شتێکی وەک مارپێچ(حەلەزوون) ەوە وەسڵ بو ، بە چەرخانی تۆپەکە ،مارپێچەکەش دەسووڕاوە و ئاوەکەی بە گۆنگەیەکدا ، سەردەخست بۆ سەر قەڵا .

کاک محەممەد ئەوەی نەدەزانی کە وەستای ئەم کارە کێ بوە . بەڵام ئەوەی کە لەسەر زارانە ، ئەمەیە کە کەسێک بە ناوی وەستا حاجی ، خەڵکی ناوچەی بۆکان ، ئەم پۆمپەی دروست کردوە ،یا بە لای کەمەوە ئەگەر کابرایەکی بیانیش دروستی کردبێ ،ئەو زانیوەیەتی تەعمیری بکا .

بەڵام هەر چۆنێک بێ ، ئەم کارە نزیکەس 200 ساڵ پێش لە کوردستان ، هەنگاوێکی زۆر گەورەی سەنعەتی بوە ، کە راڤەی پتری پێویستە .

++++++++++++++++++++++++++++++++++++

## *زەبیحی،قزڵجی ، گەلاوێژ، سێ گۆشەی گەشی فەرهەنگ و وێژەی کورد .*

*زانایان ، هۆنەران ، نووسەران ، هونەرمەندان و بە گشتی رۆشنبیرانی هەر گەلێک ، یەکێک لە بەنرخترین داراییەکانی ئەو گەلەو بە کورتی مێعماری فکری ئەون . بۆ وێنە کاتێک باسی وڵاتی ئەلمان دەکرێ ، زۆرتر بۆ شانازی دان بە ئەلمان ، پێی دەڵێن ولاتی گۆتە ،کەمتر دەڵێن وڵاتی بناری ئالپ ، قەراغی زەریای باکوور یا .. . یا وێنەیەکی دیکەتان عەرز بکەم ، قەت بەشاری شیرازی فارس ناڵێن شاری حاجی قەوام، کە پیاوێکی زۆر پارەداری شیرازی بوە، بەڵکە پێی دەڵێن شاری حافز و سەعدی .*

*لە نێو گەلی کوردیشدا ئەو چەشنە مرۆڤە ناودارانە کەم نەبوون. سێ کەسی هەرە گرنگ لەوانە ، کە وەک ئەستێرەی گەشی ئاسمانی رۆژهەڵاتی کوردستان وان ، ئەم سێ مرۆڤە مەزنە بوون ، کە بە وتەی یەکێک لە لێزانەکان ،تراژێدیای نەنووسراوی دوا رۆژی ژیانی هەر سێکیان ،کەم لە یەکتر نەچوە :*

*1-ماموەستا عەبدورەحمان زەبیحی ، کەبە داخەوە بێ سەر و شوینە .*
*2-ماموەستا حەسەن قزڵجی ، کە دوا چرکەساتەکانی ژینی ، سەمبۆلی پەژارە و کەسەر بو.*
*2- ماموەستا دوکتور عەلی گەلاوێژ ، کە بەسەر هاتی ژیانی ، گەورە ترین چیرۆکی ریالیزمی غەم بوە .*

*ئێستا بۆ ناساندنی ئەو سێ کەسایەتیە فەرهەنگیە مەزنەی کورد ، زۆر بە کورتی ئاماژەیەک دەکەم بە یەکێک لە بەرهەمەکانی هەر کامیان ، کە ئەم بەرهەمانە هێندە شازن ، ئەگەر هەر کامیان ، هەر تەنیا ئەم شوینەوارەیان نووسیبێ ، کافیە بۆ ئەوەی کەبە مەرەکەفی ئێکسیر ، ناوی پیرۆزیان ، لە دەفتەری مێژوی پرشانازی ئەدەبێ کورددا بنووسرێ :*

1- بەرهەمێکی ماوەستا زەبیحی :

**قامووسی زەبیحی .**

ماوەستا زەبیحی ،بە نووسینی ئەم بەرهەمە بەرزە ، بە یەکێک لە فەرهەنگ نووسە ناودارەکانی کورد دەزانرێ و نازناوی وێبستێری کوردی وەرگرتوە .دیارە هەمودەزانن ، کە نووسینی فەرهەنگ ، کاری تاقە کەس نیە ، بەڵام کاتێک کە زانایەکی وەک مامۆستا زەبیحی ئەم کارە مەزنەبە تەنیایی دەکا ، ئەمینداری گشتی مێژوی ئەدەبی کورد ، بە چەشنی دێفاکتۆ ،مێدالیای هەرە بەرزی شانازی دەداتێ .

2- بەرهەمێکی مامۆستا قزڵجی :

**پێکەنینی گەدا .**

ئەوانەی کە کتێبی پێکەنینی گەدایان خوێندوەتەوە ، دەڵێن ئەم کتێبە شان لە شانی کتێبی بی نەوایانی ڤیکتۆرهوگو دەدا . دیارە ئەم پرسیارەش دیتە گۆرێ کە بڵێی ئەو کەسەی کە مامۆستا قزڵجی خۆشەویستمان ، لە کتێبەکەدا بە ناوی گەدا باسی دەکا ، کێ بێ ؟

3- بەرهەمێکی مامۆستا گەلاوێژ :

**زووحەیاتەین .**

زووحەیاتەین دوکتورینێکی یەکجار زۆر تازە و بێ وێنەیە لە وێژەی کورددا،کە لەگەڵ ساکاری دارِشتنەکەی ، دەبێ ناوی بنێین **فەلسەفەی کورد** . بۆ وینە لە بەشێکی ئەم کتێبەدا دەڵێ ،" کاتێک قرژاڵ پەیمانی نێوان خۆی و بیر و باوەڕەکەی خۆی شکاند ، تەنانەت ئاو لە حاستی بو بەرد. ئەم کتێبە کە وەک نووچکەی بەرزی شێعری کوردی وایە ، تەنانەت بەر لەوەی چاپ بێ ، چوەتە نێو مێژوی ئەدەبی کوردەوە، کەدوکتور مارف خەزنەدار ، لە 1984 دا ، بە ناوی " لەبابەت مێژوی ئەدەبی کوردیەوە" لە بەغدا 1984نووسیویە .

بە خوێندنەوەی ئەم سێ بەرهەمە کەموێنەیە ، لەو سێ کەسایەتیە شازەی کورد ،بەم راستەقینەیە دەگەین ، **کە سێگۆشەی ناوی هێژای ماوەستا زەبیحی ، مامۆستا قزڵجی و مامۆستا گەلاوێژ** ،تەوەرەی فەرهەنگ و وێژەی رۆژهەڵاتی کوردستانە ، کە بەسەرهاتی غەمینی ئەم مرۆڤە مەزنانەش، بەرگی شەرەفی تایبەت دەکا بە بەریدا .

تێبینی : ئەم سێ مامۆستا گەورەیە ، بەرهەمی دیکەشیان زۆر هەیە ، کە بۆ درێژنەبوونەوەی باسەکە ،وەک نموونە ، تەنیا ئاماژەم بەم سێانە کرد .

جا ، وەک مێتافۆرێکی زۆر زیندو ، ئێمەش دەتوانین بە کوردستان بڵێین **"وڵاتی زەبیحی، قزڵجی و گەلاوێژ"** .هەر وەک بۆ ناساندنی فەرانسە، بەو وڵاتە دەڵێین وڵاتی لارووس ،ڤیکتۆرهوگۆ و لامارتین.

**بڵێی لێکۆڵینەوە لەبەسەرهاتی ژیانی ئەم سێ گەورە پیاوە ، یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی سەرشانمان نەبێ ؟.**

**نامرن ئەوانەی لە دڵی میللەتا ئەژین .**

**لەبیر بردنەوەی مامۆستا زەبیحیەکان ،لەبیر بردنەوەی خۆمانە!**

نووسراوە کورت و دڵبزوێنەکەی ڕێزەوان( جەنابی) کاک عەلی کەریمی ، لە ماڵپەڕی کەموێنە و تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتدا،سەبارەت بە ماموەستا عەبدوررەحمان زەبیحی ، زانا و قاموسنووسی پێشاهەنگی کورد ،سەرتجی هەمو مروڤێکی ئەمەکناس ، بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ .

ئەرکی سەرشانی گشت مریدانی خانەقای زانست و تێگەین ئەمەیە ، کە بۆ پەیدا کردنی تەواوی زانایانی گومکراوی کورد ،لە کوردستانی گەورە ، بە تایبەت بۆ ماموەستا زەبیحی و بۆ قامووسە پڕ بایەخەکەی بگەڕێن و پەیدایان بکەنەوە . لەبیربردنەوەی ماموەستا زەبیحیەکان و قامووسەکانیان ، لە بیربردنەوەی خۆمانە – لەبیر بردنەوەی خۆمان ، شتێکە وەک فەوتان .

ئێمەش لە تاران ، هی وەک ماموەستا زبیحی و خزمەتە گرنگەکانیمان قەت لەبیر نەبردوەتەوە . هەر لەبەر ئەمە پێشنیارمان داوە بۆ پێکهێنانی کۆڕی ڕێزنان لە کەسایەتی و کارە زانستیەکانی ماموەستا زەبیحی ، لە ساڵی 1382 دا ، لە شاری تاران .

بریا کەسێکیش لەم کاتە ناسکەدا ، سەفەرێکی بکردایە بۆ کوردستانی ئەودیو ، تا بەشکو بە هاوکاری هاوالأنی ماموەستا زەبیحی، کە من زۆریانم لەوێ دیوە و باسیان کردوە ، بتوانن هەم ماموەستا و هەم قامووسە بایەخدارەکەی ، کە هەر وشەیەکی بۆ کورد دنیایەک دەژی ،بۆ جاری دووهەم پەیدا بکەنەوە و مزگێنی ئەم هەواڵە خۆشە بە تەواوی کوردی گەرمێن و کوێستان بدەن – چاوەڕوانین !

++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++

## ماڵی بەساڵا چوان ( خانە سالمندان)ی شاری بۆکان .

مانگی خاکەلێوەی ئەمساڵ ، دیسان دەرفەتێکی تایبەت هاتە پێشەوە ،بچمەوە بۆ شاری بۆکان – بوکی شارگەلی کوردستانی گەورە و پێ بنێمە جێ پێکانی کاتی منداڵیم . لەم سەفەرە خەیاڵهێنەرەدا ،زۆر جێگەی سەرنجڕاکێش چووم . یەکێک لەو جێگەگەلە ، ماڵی بەساڵاچوانی میلاد ( خانە سالمندان میلاد ) بۆکان بو ، کە بەرپرسانی دڵسۆزی ئەو ناوەندە ، فەرموویان بچمە خزمەتیان .

کاک مستەفا شێرزاد ، وێنەگەری ناسراوی کورد، هەڵسووڕێنەری ناوەندەکەبو. سەرۆکی کۆڕی هەڵسووڕێنەریش ، کاک فەتتاح تەحریریان بو . ئەم ناوەندە لە گەڕەکی ئەبووزەڕی ! شاری بۆکان دروستکراوە . خانووبەرەیکی خاوێنی دو نهۆمی گەورەیە ، لە خشتی سوور (ئاجور)، کە ئاو ، کارەبا ، تێلێفۆن ، فاکس ، ئۆتۆمۆبیل ، کامپیوتێر و ئینتێرنێتی هەبە . پزیشکی تایبەتیشیان بۆ تەرخان کردبو .

نزیکەی 150 نەفەر لێقەوماو ، بە لەونێکی زۆر باش لێرە پەنا دراون ، بە روخۆشی و لە

قووڵایی دڵەوە ، شە و ڕۆژ بەخێو دەکرێن و تەوای خەرجیان لەسەر ئەم ناوەندەیە .

لەم چاوپێکەوتنە کورتە دو سەعاتیەدا ، تا جێگەیەک بەرپرسان فەرمویان و خۆم بە چاوی خۆم دیم ، ئەوانەی کە لەوێ بەخێو دەکرێن ،بەم چەشنە بوون :

1- گشتیان کوڕ و پیاو بوون – ئافرەتیان تیدا نەبو .
2- وتیان بەتەمەنتیرینان 120 ساڵی تەمەنە .
3- لە حەوت ساڵ چکۆلەترم نەدی ، ئەگەر لێشی بوبێ، وەبەرچاوم نەهاتوە .
4- بڕێکیان پیر و پاکەوتە و بێ پەنا بوون.
5- بڕێکیان هەر بێ پەنا بوون .
6- بڕێکیان نەخۆشی ڕۆحیشیان بو .
7- هێندێکیان نەخۆشی لەش (بەدەن )یشیان بو .
8- خەڵکی غەیری کوردیشی لێ بو.

کاک مستەفا شێرزاد ، بەرپرسی بەهەست و ڕێزداری ئەم ناوەندە وتی ،کە چاوەڕوانن لە داهاتودا ، بەشی تایبەتی ئافرەتانیش پێکبهێنن .

دیارە بوونی ئەم چەشنە ناوەندانە ، لە هەر هەرێمێک ، لە ئۆکسیژێن پێویستترە .

وەک لە چاوی قەتیسماوی دانیشتوانی لێقەوماوی ئەم ناوەندە پیرۆزە دەمخوێندەوە ، چاوەڕوانی یارمەتی گشتمانن . منیش بۆیە ئەم چەند دێڕەم نووسی .

تۆ بڵێی خۆشمان لە پیری و لێقەوماویدا ، ڕێگەمان نەکەوێتە جێگەی وا ؟

خودانەکا! ، بەڵام کێ دەزانی دوا ڕۆژەکانی تەمەنمان چۆن دەگوزەرێ ؟

ناونیشانی ئەم ناوەندە :( لە روی کارتی خۆیانەوە ڕووونووسم کردوە)
خانە سالمندان میلاد بوکان ،
ایران –آزربایجان غربی – بوکان – انتهای بولوار ابوذر .
تلفن : 00984826220600
00984826229650
حساب بانکی :
حسابجاری شمارە 6753 ، بانک ملی ، شعبە مرکزی بوکان .
حسابجاری شمارە 800 بانک لادرات ، شعبە بلوار کردستان بوکان .

++++++++++++++++++++++++++++++++++++